گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(4).Paper5

ڕێــكەوتــی وەرگــرتـن: 17/04/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 24/06/2024
ڕێــكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/08/2024

# ڕۆڵی سیاسی و ئابوری ژن لەناو دەوڵەتی هەخامەنشی

**شالاو مصطفى عبدالرحمن[١] - حسن قادر محمود[٢]**

hassanqadir@uor.edu.krd - shalaw.mustafa@uor.edu.krd

[1+2] زانكۆی ڕاپەڕین، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان بەشی مێژو، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ژنانی ناو دەوڵەتی هەخامەنشی (٥٥٩-٣٣١پ.ز) ڕۆڵێكی بەرچاویان گێڕاوە لە بواری سیاسی و ئابوری، ئەم ڕۆڵەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مافانەی كە ئایینی زەردەشتی بە ئافرەتی داوە و دواتر لە چوارچێوەی دەستوری دەوڵەتەكەیان ئەم مافانەیان وەک یاسا جێگیركردوە، ئەمەش ڕێخۆشكەر بوە بۆ ئەوەی ژنان ڕۆڵ بگێڕن و جێدەستیان دیاربێت لە بەشێكی زۆری بڕیارە سیاسی و چالاكیە ئابورییەكان، ژنانی ناو كۆشک هێندە بەهێز و كاریگەر بون لەڕوی سیاسییەوە هەندێجار بە شارێی گەیاندنی ئەو كەسانە دادەنران كە خواستی گەیشتنیان هەبوە بە كورسی پاشایی، بۆیە كاتێک پاشایەک بە پشتیوانی دایكی یان خوشكی یان شاژنەكەی بوە بە پاشا، نەیتوانیوە بێفرمانی شاژن یان دایک یان خوشكەكەی بكات.

بەدیوێكیتریشدا ژنانی ناو كۆشكی پاشایی و خانەدانەكانی پارس بەهۆی ئەو بازرگانییە فراوانەی كردویانە و ئەو سەرمایە زۆرەی بەردەستیان، تاقم و گروپی تایبەت بەخۆیان دروستكردوە ئەو گروپانە پارێزگاریان لە بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی ژنە باڵادەستەكان كردوە زۆرجار كاری جاسوسی و كوشتن و دژایەتی ئەو كەسانەشیان پێكردون پێچەوانەی بەرژەوەندی و فرمانەكانی ژنانی باڵادەست كاریانكردوە. لەڕاستیدا هەر باسێک سەبارەت بارودۆخی سیاسی و ئابوری دەوڵەتی هەخامەنشی بەبێ ئاماژەدان بە ڕۆڵ و كاریگەرییەكانی ژنان لەو بوارانەدا باسێكی تاڕادەیەكی ناتەواو دەبێت.

**كلیلە وشەكان:** ژن، پاشا، هەخامەنشی، ڕۆڵ، سیاسی، ئابوری

**پێشەکی:**

پرسی ژن و ڕۆڵی لە کۆمەڵگای ئێرانی کۆندا بە بابەتێکی گرنگی مێژوی ناوچەکە دادەندرێت، بەتایبەتی لە سەردەمی هەخامەنشیدا، ئەویش لەوانەیە زیاتر بۆ ڕۆڵی ئایین بە تایبەتی ئایینی زەردەشتی بگەڕێتەوە، بەهۆی گرنگیپێدانی ئایینی بەم توێژەی کۆمەڵگا لە دەقە ئایینییەکانی ئێرانی کۆن لەسەرو هەمو ئایینەکانیشەوە ئایینی زەردەشتی، گرنگیەکی زۆری بەژنان داوە و کۆمەڵی مافی تایبەتی بۆ ژنان دەستەبەرکردوە، هەروەها کورش(559–529 پ.ز) کە بنیاتنەری دەوڵەتی هەخامەنشی بوە لە بەردەنوس (منشورە)کەی خۆیدا گرنگی زۆری بە مافەکانی ژنان داوەو بە پەروەردەکاری نەوەی داهاتوی وڵاتەکەی ناویبردون، ئەم جۆرە لە پێدانی ماف ڕێگەخۆشکەر بوە بۆ ئەوەی ژنانی وڵاتەکەی خۆیان بخزێننە ناو کاری ئایینی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، بەتایبەت لەلایەنی سیاسی و کاروباری سەربازی لەلایەک و لایەنی ئابوری و کاروباری بازرگانی لەلایەکیتر، ئەم دو لایەنە کە ژنانی ناو دەوڵەتی هەخامەنشی ڕۆڵێکی پڕڕەنگیان تێدا گێڕاوە، جێگەی سەرنجە زۆرجار دەبینرێ پاشایانی ناو دەوڵەتی هەخامەنشی وەکو بوکەڵەیەک وابون بەدەست ژنانی ناو کۆشکەوە هەندێجار لەژێر کاریگەری هاوسەرەکانیان فرمانەکانی خۆیان هەڵوەشاندۆتەوە، چونکە هۆکاری گەیشتنیان بون بە کورسی پاشایەتی، بەشێک لە ژنانی هەخامەنشی هێندە بەهێزبون توانیویانە بە خواستی خۆیان کوڕ یان هاوسەرەکانیان بکەن پاشاو ئەگەریش گوێڕایەڵیان نەبوبان پلانگێریانکردوەو لایان داون، بۆیە لە باسکردنی مێژوی سیاسی دەوڵەتی هەخامەنشی ناتوانین ڕۆڵی ژن فەرامۆشبکرێت.

هەرچی پەیوەستە بەڕۆڵی ژنان لەبواری ئابوریدا لەوانەیە کەمتر نەبێت لەو ڕۆڵەی لەبواری سیاسی گێڕاویانە، سەرچاوە یۆنانییەکان باسی ئاماری سەرسوڕهێنیەر دەکەن سەبارەت بە سەرمایە و موڵکداری ژنانی ناوکۆشکی هەخامەنشی، لەلایەکیترەوە بەڵگەنامە جێماوەکان ئاماژە بە ئاڵوگۆڕی گەورەی بازرگانی دەکەن کە خاوەنداریەتیەکەی بۆ ژنانی کۆشک و خانەدانەکانی پارسی دەگەڕێتەوە، هەبونی چەندین گروپی کاری ژنانی ڕێکخراو کە کۆی کارمەندەکانی ژن بون هەروەها سەرپەرشتیار و خاوەنی گروپەکان کە ژن بون جێگەی سەرنجە، لەگەڵ ئەوەشدا ژنانێک دەبینین کە خاوەنی (ساتراب) هەرێمی تایبەت بەخۆیان بون (**ایراداباما**) لە نمونەی ئەو ژنانەیە کەخاوەن ساترابی تایبەت بەخۆی بوە لە تەوەری دوەمی توێژینەوەکەماندا باسمان لێوەکردوە. ئەم جۆرە زەوی و زارو موڵکەکانیان، لەلایەن جوتیارو وەرزێری تایبەت بەخۆی بەڕێوەبراوە، جگەلەوەی خاوەن سەرمایەی هێندە زۆر بون بەنداویان بۆگلدانەوەی ئاودێری بۆ زەویەکانیان دروستکردوە. هەمو ئەم پرسانە گرنگی خۆیان هەیەو شایستەی توێژینەوەو گرنگیپێدانن.

**ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگترین ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕۆڵ و پێگەی سیاسی و ئابوری ژنانی ناو کۆشکی دەوڵەتی هەخامەنشیە، بەپشتبەستن بەکۆمەڵێ سەرچاوەی ڕەسەن و کۆمەڵێ شوێنەواری جێماو، لەم ڕوانگەیەوە توانراوە ڕۆڵی ژنانی کۆشک لە ڕوی سیاسی و ئابوری بخرێتەڕو.

**سنوری توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیە ڕۆڵی ژنانمان بەدرێژایی فەرمانڕەوای دەوڵەتی هەخامەنشی (559-331پ.ز) لە ناوچەکەدا ڕونکردۆتەوە و لەسەر چۆنیەتی و چەندیەتی بەشداریکردنیان لەناو پرۆسەی سیاسی و چالاکییە ئابورییەکانی ژنان دواوین، لەو نێوەندەدا زیاتر سەرنجمان خستۆتەسەر ئەو ژنانەی کاریگەریان زیاتر بوە لە پرسە سیاسی و ئابورییەکانی سەردەمی ئاماژەپێکراو.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژویی، بەتایبەتیش میتۆدی وەسفی و کۆکردنەوەی سەرچاوەو شیکاریان بەکاربهێندرێت، هەوڵدراوە بەپێی توانا جەختبکرێتەوە لەسەر بەکارهێنانی چەندین ژێدەری باوەڕپێکراو زانستی کە زۆربەیان بە زمانی فارسی نوسراون و سودیان لێبینراوە.

**بەشەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوە و کۆمەڵێ پەراوێزی گرنگ، لە دەروازەیەک و دو تەوەری سەرەکی پێکهاتوە، تەوەری یەکەم بریتییە لە ڕۆڵ و پێگەی سیاسی ژنان لەناو دەوڵەتی هەخامەنشی، لەم تەوەرەدا بەوردی کاریگەری ژنانمان لە پرسی سیاسی ناو دەوڵەتی هەخامەنشی ڕونکردۆتەوەو لە پاڵیدا ئاماژەمان بەڕۆڵی سەربازی ژنان داوە تا ئەو شوێنەی پێویست بوە، تەوەری دوەم بریتییە لە ڕۆڵی ئابوری ژنان لەناو دەوڵەتی هەخامەنشی کە تیایدا ئاماژەمان بە ڕۆڵی ژنان لە هەڵسوڕانی چالاکییە ئابورییەکان داوە لەپاڵ ئەم تەوەرەشدا بازرگانی گشتی ژنانی هەخامەنشیمان خستۆتە بەرباس.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

1. ئایین چ ڕۆڵێکی هەبو لە پەلکێشکردنی ژنانی هەخامەنشی بۆ ناو کاروباری سیاسی و ئابوری؟
2. بارودۆخ و پێگەی ژنان بەر لە دەوڵەتی هەخامەنشی چۆن بو؟
3. هەردو جۆری هاوسەرگیری (سیاسی و محارم) بە چ مەبەستێک ئەنجامدراوە؟
4. کاریگەری ژنان چی بوەو لەسەر فرمان و هەڵوێستی سیاسی پاشایانی هەخامەنشی؟
5. بۆچی پاشایانی دەوڵەتی هەخامەنشی هێندە گوێڕایەڵی هاوسەرو دایک و کچەکانیان بون؟
6. بۆچی ژنانی ناوکۆشکی پاشای دەوڵەتی هەخامەنشی هەوڵی بەهێزکردنی لایەنی ئابوری خۆیانداوە؟
7. دروستکردنی گروپی کاری ژنان بەشێوەی کۆدەستی چی بوە و چۆن بوە؟
8. ئەو ئابورییە بەهێزەی ژنان خاوەندariyan دەکرد لە کوێوە سەرچاوەی گرتبو؟

**دەروازە: بارودۆخی ژنانی ئێرانی کۆن پێش دروستبونی دەوڵەتی هەخامەنشی.**

بەشێوەیەکی گشتی لەوانەیە وەسفی فردەوسی سەبارەت بە ژنانی ئێرانی کۆن دەروازەیەکی باش بێت بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵ و پێگەی سیاسی و ئابوری کۆمەڵایەتی و ئایینی ژنانی ئێرانی کۆن کاتێک لەبارەیانەوە دەڵێت: ژنانی ئێرانی کۆن سوارچاک و دلێر و نەبەرد بون لە مەیدانی جەنگدا، شارەزای هونەری جەنگ بون لە هەمو سەردەمەکان و هەستی بەرپرسیاریەتیان هەبوە بەرامبەر هاوسەرو خێزانەکانیان، هەر کاتێک هەستیان بە مەترسی کردوە بۆسەر وڵاتەکەیان بە بێ دودڵی خۆیان خزاندۆتە مەیدانی جەنگەوە شانبەشانی پیاوان، و هەروەها سەرچاوەی ئاشتی کۆمەڵایەتی بون و ڕۆڵیان بینیوە لە گۆڕینی ڕق و تورەیی پیاوەکانیان بۆ سوڵح و ئاشتی لێکتێگەیشتن، لەهەمانکاتدا باسی پێگەی ئایینی ژنانی ئێرانی کۆن بالادەستی ژنان لەناو خێزان و پەروەردەکردنی مناڵەکانیان دەکات هەمو ئەمانە دەتوانرێ وەک دەروازەیەکی لێبڕواندرێ بۆ تێگەیشت لە ڕۆڵی ژن لە ئێرانی کۆندا (فردوسی،1313، ج1: 177)؛ (پارسای و دیگران،1346: 195).

لەکۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی کۆن وەک میسر و عێراقی کۆن ژن بەشێکی دانەبڕاو بوە لە کۆمەڵگادا هەرچەندە مافەکانی ژن لە هەمو سەردەمەکاندا سنوردا و جیاواز بوە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیتر جیاواز بوە، بەڵام بەپێی ڕێسا خێزانییەکان ئێرانی کۆن کۆمەڵگەیەکی باوک سالاری بوە بەڵام کەم تا زۆر ماف بە ژن دراوە و بێبەش نەدەکرا ڕاوێژی پێدەکرا لەناو خێزان و پرسە کۆمەڵایەتییەکان، هەرچەندە بەشێوەیەکی گشی پیاوان مافیان زیاتر بو و ڕۆڵی ژن زیاتر لە ماڵداری و پەروەردەی منداڵدا بەدەردەکەوت، بەڵام زانیاریش هەیە دەربارەی ڕۆڵی ژنان لەو پاشماوە شوێنەواریانە لە کۆشک و پەرستگاکاندا دەکەوێت، کە ژنانیش ڕۆڵێکی دیاریان گێڕاوە لەڕوی سەربازی و سیاسی و ئایینی و یاسایی و ئابوریش لەناوچەکەدا، بۆیە ڕۆڵی ئەم چینەی کۆمەڵگا (ژن) لەباسکردنی مێژوی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی کۆن ناتوانرێ نادیدە بگیرێت و پشتگوێ بخرێت (سیبرت، 1379: 28-31).

ڕۆڵی ژن لە بەشداریکردنیان لە کاروباری سیاسی و کارگێڕیدا، بەیەکێک لە نیشانە گرنگەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگا دادەنرێت و بەشداریکردنیان لەو بوارانەدا ئاماژەیە بە پێشکەوتنی لایەنی هزری و کۆمەڵایەتی و گەشەی شارستانی ئەو کۆمەڵگایانە،بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی ژن لە هەر کۆمەڵگایەکدا پێویستە ئاشنابین بەلایەنی ئایینی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە بەتایبەت لایەنی ئایینی بەبێ تێنەگەیشتن لەو لایەنانە ناتوانین ڕۆڵی ژن لە هیچ لایەنێکەوە دیاری بکەین، لە ئێرانی کۆندا لەسەر بنەمای ئایینی (زەردەشتی)[1] ڕێزێکی زۆر لە ژن گیراوە پلەی ئایینی بەرزی وەرگرتوە (جدی و حسینی نیا، 1397: 528).

لە ئێرانی کۆنیشدا ژن ئەندامێکی سەرەکی پێکهێنەریی خێزان بوە لە بەشێک لە مافەکانی بەرامبەر بوە لەگەڵ پیاو، بۆ ئەم یەکسانییە بەڵگەنامەیەکی زۆر بەردەستە، لە (ئاڤێستا)[2] دا بەشێوەیەکی گشتی

ناوی پیاو و ژن پێکەوە دەهێنێت، جگە لەوەی توانییانە کاروباری ئایینی بەڕێوەببەن و بە پلەی باڵای ئایینی بگەن، زۆرجار کاروباری دادگاکانیشیان بەرێوەبردوە، لەناو حەوت فریشتەکەی ئایینی زەردەشتی سێ لە فریشتەکان مێ بون (مردان-خرداد-سپندارمز) ئەمە دەکرێ وەک ئاماژەیەک بۆ گرنگیدان بە ژنان لەو کۆمەڵگەیەدا لێیبڕواندرێت، سەرەڕای ئەوەش بونی خوداوەندی ژن(ئاناهیتا)[3] لەناو ئێرانی کۆندا زیاتر ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە کە پێگەو گرنگی ژن لەناو کۆمەڵگەی ئێرانی کۆندا ڕەگێکی ئایینی هەیە (علوی، 1377: 15)، هەر سەبارەت بە (ئاناهیتا) بەڵکە نامەی سەرسوڕهێنەر بەردەستە لەبەشی پێنجەمی (یشت) لە ئاڤێستادا وەها وەسفی خوداوەندە ژنەکە دەکات: ئاناهیتا پاککەرەوەی ڕەگەزی پیاوانە، ئاهورامزدا ئاناهیتای ناردوە تا پاڵەوانان و سەربازان لەو یارمەتی وەرگرن و نزای سەرکەوتن بەسەر دوژمنیان بۆ بکات (یشتها، ابان یشت،ج1: 2-5، 235) ؛ (کلنز، 1385 :54-71)[4]. سەرەڕای ئەمانەش ژنانی ئێرانی کۆن بەردەوام ڕاهێنانی جەستەییان کردوەو هونەری جەنگی شارەزابون و بەردەوامیش هانی هاوسەرەکانیان داوە لە ڕوبەڕوبونەوە سەربازییەکان بەشداری بکەن و شانازیان بە سەربازبونی هاوسەرەکانیانەوە کردوە (حجازی، 1358: 130) یەکێک لەو بابەتەی سەرنجی توێژەرانی ڕاکێشاوە جوانمێری و ئازایەتی ژنانی ئێرانی کۆنە، لێزانیان لە ئەسپ سواری و تیرهاوێژی و شمشێربازی (لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان ناوی چەندین ژنمان وەک نمونە هێناوەتەوە) بەڕادەیەک بوە کە دەوترێ هاوتای پیاوان بون لە هونەری جەنگیدا (پارسای، 1346: 111)، لەڕوی کۆمەڵایەتیشەوە لە ئێرانی کۆندا ژن پلەیەکی باڵای هەبوە و ڕێزلێگیراو بوە ئەندامی سەرەکی پێکهێنەری خێزان بوە لە مافدا لەگەڵ پیاوان یەکسان بون بەڵگەنامەیەکی زۆر بەردەستە لە زۆربەی قۆناغە مێژوییەکانی ئێرانی کۆن ئەم یەکسانییە لە مافدا بەرچاودەکەوێت (علوی، 1377: 15-17)، لە ئاڤێستاشدا بەڕادەیەکی بەرچاو جەخت لەسەر ئەم یەکسانیبونە دەکاتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا باس لە نزاکانی ژنان دەکات بۆ ئەوەی ببنە خاوەن هاوسەرێکی پاڵەوان و لە دواتریشدا ئاماژە بە ڕێزی ژنان بۆ هاوسەرەکانیان دەکرێت (یشتها،رام یشت، ج2: 151-152).

**تەوەری یەکەم: پێگەی سیاسی ژن لەناو دەوڵەتی هەخامەنشی**

لەناو دەوڵەتی هەخامەنشی ژنان بە بەرزترین پلەی ئایینی گەیشتون کە بە (زوت) ناسراوەو باڵاترین پلەبەندی ئایینیە (اومستد، 1388: 95)، کۆمەڵێ ماف لەچوارچێوەی یاسایی دەوڵەتەکەیان سەبارەت بە مافی ژن جێگیرکردوەو کاریان پێکردوە تورەجی دەریایی لەم بارەیەوە دەڵێ: پیاو ئەگەر ژن یاخود کچەکەی بکوشتبا سزای ئەم تاوانەی بە مەرگ لێوەردەگیرایەوە، هەروەها پیاوان پابەنددەکرێن بە چاودێریکردنی ژنی دوگیان و هاوکاریکردن و ڕێزلێگرتنی هەتا ئەگەر هاوسەری خۆشی نەبێ، ئەگەر ئەمە نەکات و پابەندنەبێ بەو یاسایە بە گوناهکار لە قەڵەم دەدرێ (دریایی، 1386: 57).

لەناو دەوڵەتی هەخامەنشی پەروەردەکردنی کوڕو کچ لە خێزانەکاندا بەشێوەیەکی گشتی دادپەروەرانە بوە، دایباب بەشێوەیەکی یەکسان گرنگی بە کوڕو کچانیش داوە، هەرچەندە کچان زیاتر فێری ماڵداری دەکران بەڵام لەگەڵیشیدا کچانیش هاوشێوەی کوڕەکان فێری سوار چاکی و هونەری جەنگی سەربازیش دەکران (پارسای و دیگران، 1346: 110-111). هەروەها بەسەرنجدان لەکارکردنی ژنان، پێدەچێت بەپێی یاسا زەمینە بۆ ژنانی ناو دەوڵەتی هەخامەنشی خۆشکرابێ و مافیان پێدرابیت ڕاهێنان لەسەر ئەو کارانە بکەن خۆیان ئارەزویانکردبێت وەکو فێربونی کاروباری هونەری و هەڵکۆڵین و هونەری جەنگی و کاروباری کارگێری، ئەم مافدان و جێگیرکرنی وەک یاسا لەناو دەوڵەتی هەخامەنشی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی داریوشی یەکەم (522-486پ.ز) (ارفعی، 1387: 30).

زانیاری و بەڵگەی زۆر بەردەستە لەنوسران لەبارەی پێگەو ڕۆڵی ژن لە دەوڵەتی هەخامەنشی، هەرچەندە بەشێوازێکی ناڕێکن، بەڵام بۆ ئێمە جێگەی بایەخن، ئەم زانیاریانەی مێژونوسان لەبارەی ژنانی ناوکۆشکن، لەبەرئەوەی زیاتر گرنگیان بەبەشداریکردنیان لەکایەی سیاسی داوەو باس لەوە دەکەن ژنانی ئێرانی دەستوەردانیان کردوە لە کاروباری سیاسی ناوکۆشکی پاشای، زۆربەی زۆری داستانە یۆنانییەکان ژنانی هەخامەنشی وەک ستەمکار و کینە هەڵگر و زۆردار دەناسێنن، هەروەک چۆن بەپلانگێڕ و کاریگەر لەسەر شۆڕشە ناوخۆییەکانی ناویان دێنن (ویسهرخر، 1377: 12). لەبەرئەوەی یۆنانییەکان دوژمن و ڕکابەری هەخامەنشیەکان بون تێڕوانینیان بۆ ژنانی ئەرستۆکراتی تێڕوانینێکی تاڕادەیەک دوژمنکارانەو خەیاڵی بوە ژنانی ناو کۆشکیان بە تەڵەکەبازو شەڕانگێز ناوبردوە و ئاماژەیان بەوەکردوە کە پاشایانی هەخامەنشی وەکو بوکەڵەبون بەدەست هاوسەرو دایکیانەوە بەتایبەت لەسەردەمی فرمانڕەوای _خەشایارشا 486-465پ.ز) بەدواوە(sancisi, 1983: 21) ئێمە دەتوانین لە شانۆنامەی (ئەسخیلۆس)[(5)]وە لەو تێڕوانینەی یۆنانییەکان بگەین(دریایی، 1386: 53).

ژنان و کچانی گەورە پیاوانی هەخامەنشی لەزۆربەی بڕیارە سیاسیەکاندا بەشداریانکردوە زۆربەی جار بەڕاستەوخۆ و زۆرجاریش بە ناڕاستەوخۆ ڕۆڵیان گێڕاوە لەبڕیاری سیاسی وڵاتدا، ئەم دیاردەیە لەدەوڵەتی هەخامەنشی بەڕونی بەدیاردەکەوێت، جگەلەوەش زۆربەی جار هاوسەرگیری سیاسی بەرچاودەکەوێت لەنێوان پاشایانی فارس و وڵاتانی ڕکابەریان، ئەمەش لەپێناو بەرژەوەندیەکی سیاسی یان ئاگربەست و کۆتایی هاتنی جەنگ بوە لە نێوانیاندا (پارسای و دیگران، 1346: 202-203)، یەکەمین هاوسەرگیری سیاسی بەرچاو لەناو نوسراوە کۆنەکاندا هاوسەرگیری کەمبوجیە (600-559پ.ز)ی یەکەم باوکی کۆرشی گەورەی دامەزرێنەری دەوڵەتی هەخامەنشیە لەگەڵ کچی ئاستیاگ (585-550پ.ز) دوا پاشای دەوڵەتی ماد(700-550پ.ز) خاتو (ماندانا). هۆکاری هاوسەرگیریەکەش وا باسکراوە کە شەوێک ئاستیاگ خەون دەبینێت لە خەونەکەیدا لافاوێک دێت لە هەرێمی (پارسا) کە هەرێمیکی سەربە دەوڵەتی

(مادد)[6] بوە لە ڕوی سیاسییەوە لەژێر قەڵەمڕەوی پاشای مادد بوە. ڕو لە ئەکباتانای پایەختی ماددەکان دەکات سەرتاپای ژێرئاو دەخات، خەونزانان بە جۆرێک ئەم خەونە بۆ ئاستیاگ لێکدەدەنەوە کە لە پارسا جێنشینێک لە دایک دەبێت دەست بەسەر تەواوی شانشینەکەدا دەگرێت، بۆیە ئاستیاگ بڕیار ئەدا کچەکەی خۆی (ماندانا) بدات بە کەمبوجیە دەسەڵاتداری پارسا، خەونی دوەمی ئەوە بو کە لە دامێنی ماندانا درەختێک گەشەدەکات و بەتەواوی ئاسیا دەخاتە ژێر سایەی خۆیەوە بۆیە ئاستیاگ فەرمانەدەی سەربازی میدیا بەناوی (هارپاک) ڕادەسپێرێت لەدوای لەدایکبونی ئەو منداڵەی کە کورش بو بیکوژێت، هەروەها لەدواتردا هاوسەرگیری کۆرش لەگەڵ خوشکی دایکی کە ئەویش کچی ئاستیاگ بو بەناوی (ئەمتیس) بەرچاودەکەوێت (بروسیوس، 1381: 60–62)؛ (دریایی، 1384: 54–58).

هاوسەرگیری لەگەڵ بنەماڵەی پاشایان لە ئێرانی کۆندا پیرۆزی و گەورەی تایبەت بە خۆی هەبوە، هەر بۆیە داریوش نەک بەتەنیا لەگەڵ کچە گەورەی کورش بەڵکو لەگەڵ کچی هەمو گەورە خانەدانان(اشرافەکان)ی پارسا هاوسەرگیری کرد، جگە لەوەی لەگەڵ کچی بوردیا(522–521پ.ز)ی کوڕی کورش هاوسەرگیری کرد، هەمو ئەو جۆرە هاوسەرگیریانەشی لەبەر ئەوە بو کە بەتەواوی خۆی بکات جێنشینی تاجی پاشایەتی، لەکۆتایدا توانی ئەنجامەکەی بەدەست بهێنێت لەدوای ئەم جۆرە لە هاوسەرگیرییە توانی پایەی دەوڵەتێکی بەهێز دابمەزرێنێت(Schmitt, 1989: 14).

ژنان بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ هەژمونیان لە دەوڵەتدا هەبوە، شێوە ناڕاستەوخۆکە ئەوەبو بە شێوازێکی سەرەکی ڕۆڵیان دەگێرا لە دیاریکردنی شاژن و هاوسەرگیری سیاسی هاندانی پاشا لە دەرکردنی هەندێ بڕیاری سیاسی باڵا، ژمارەیەک لە ژنان کاریگەریان هەبو لە بڕیاردانی سیاسی و بەڕێوەبردن و خاوەن پێگەی باڵا بون و کۆشکی تایبەت بە خۆیان و خزمەتکار و جاسوس و دەستەیەک لە بەرگریکار بون و لە هەرەمی دەسەڵاتی خۆیاندا بون یەکێک لەو ژنانە (ئاتوسا550–475پ.ز) بوە، ئاتوسا خوشکی (کەمبوجیە) پاشای هەخامەنشی و کچی کورش بوە. بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ بەشداریان لە بڕیارە سیاسیەکان کردوە (حجازی، 1358: 122–123).

ڕۆڵە ڕاستەخۆکەشیان لە بواری سەربازی دەردەکەوت، لەبارەی ڕۆڵی ژنانی هەخامەنشی لە بواری سەربازی وەک نمونە دەتوانین ئاماژە بە (رکسانا) بکەین کە هەم خوشک و هەم خێزانی کمبوجیە بو لەکاتی داگیرکردنی میسر (525پ.ز) شانبەشانی کمبوجیە لە مەیدانی جەنگ شەڕیکردوە (دریایی، 1384 :54)، مێژونوسان هاوسەرگیری کەمبوجیە لەگەڵ خوشکەکەی (رکسانا) بەیەکەمین هەوسەرگیری (محرم) دادەنێن لەناو دەوڵەتی هەخامەنشیدا کە پێشتر ئەم جۆرە لە هاوسەرگیریە پێچەوانەی دابونەریتە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان بوە و کەمبوجیەش لەم ڕوەوە بە یاسا شکێن ناودەبەن(شهبازی، 1380: 12–20)، هەروەها کتریاز ئاماژە بەوە دەکات کە (ئەردەشێری یەکەم465–424پ.ز) خێزانەکەی لەکاتی جەنگ لەگەڵ خۆی

کوژراوە (دریایی، 1384 :54)، لەسەردەمی (ئەردەشیری دوەم404-358پ.ز)ی پاشای هەخامەنشی لە دوای ئەوەی یەکێک لە شارەکان هەخامەنشی بە ناوی (سینوپە) گەمارۆ درا خەڵکی شارەکە هاوسەرەکانیان پڕچەک کردوە و لەسەر دیوارەکانی شار نمایشیان بە هاوسەرەکانیان کردوە بۆ ئەوەی پیشانی بدەن دەتوانن بەرگری لە خۆیان شارەکەیان بکەن، جگە لەوەش ئاماژە بە ڕۆڵی ئاتوسا دەکەن لە هاندانی داریوش بۆ شەڕ کردن دژی (سکایەکان)(7) و یۆنانیەکان، بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی ژنان لە جەنگەکاندا شانازی گەورەی کەسی بو بۆ خودی ژنان(حجازی، 1358: 130-133).

یەکەم ڕوداوی هاندانی ژنانی پارس لە ڕوبەڕوبونەوە سەربازییەکان بەرچاومان دەکەوێت پلوتارک دەربارەی ئازایەتی ژنانی هەخامەنشی داستانێکی سەرنجڕاکێش دەگێڕێتەوە لە مەیدانی جەنگدا و دەڵێت: دوای ئەوەی دوا پاشای ماد (استیاگ) هێرش دەکاتە سەر هەرێمی پارسا و لە شاڵاوی یەکەم ماددەکان هێرش دەکەن و پارساکان سەرکەوتو دەبن و ئەم هێرشە دو ڕۆژ دەخایەنێت و سەربازانی پارسا دەگەڕێنەوە شار و پاشان دوبارە ماددەکان هێرش دەکەنەوە و پارسەکان دەشکێن، کاتێک ژنانی شار ئەو تێکشکان و هەڵاتنەی سەربازانی پارسا دەبینن هاواریان لێدەکەن (ئەی ناپیاو و بێ غیرەتانە ئێوە لە سک و دامێنی ئێمەوە هاتونە دەر دەتانەوێت دیسان ڕابکەن و دوبارەبێنەوە ناو باوەش و کۆشی ئێمەوە!) ئەم هاوار و هوتافانە ژنان یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی سوپای پارس بو بەسەر ماددەکان، بۆیە کورش لەگەڵ سەربازانی بێ دواکەوتن گەڕانەوە مەیدانی جەنگ و سوپای ماددیان تێکشاند، لە دوای ئەم ڕوداوانە کورش فەرمانی دەرکردبو هەر پاشایەکی هەخامەنشی بە دەسەڵات بگات پێویستە یەک سکە ئاڵتون بەدیاری بە ئافرەتان بدات و ئەمە تا ماوەیەکی زۆر بەردەوام بو، چونکە ژنان ڕۆڵێکی دیاریان هەبوە لە مانەوەی دەسەڵاتی هەخامەنشی بۆ ماوەیەکی زیاتر لەبەرئەوەی ئەگەر لەو جەنگەدا سوپای هەخامەنشی تێکشکابوایە ئەگەری هەبو بە تەواوی لەناوبچێت و کۆتایی بەدەسەڵاتی سیاسییان بێت(حجازی، 1358: 129-130)؛ (پارسای و دیگران، 1346: 184-185)، بەشێوەیەکی گشتی لەسەردەمی دەوڵەتی هەخامەنشی ژنانی کۆشک و خانەدانەکان کە سەر بەخێزانی پاشایی بون، بەشێک بون لە هاوەڵی شا لە کاتی جەنگەکان و گەشتە سیاسیەکانی پاشا، لەکاتی گەشتەکان ژنان دەستەیەک لە خزمەتکارو پاسەوانی تایبەت بەخۆیان لەگەڵ بوە (افخمی و دیگران، 1397: 542)، ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی بڵێین کە پێگەی سیاسی ژنان لەم دەوڵەتەدا زیاترو بەربلاوتر و باڵاترە بوە بەراورد بە ژنانی یۆنانی و ڕۆمانی(stolper, 1985: 62).

ژنانی کۆشکی هەخامەنشی هێندە بەهێز بون زۆرجار کاراکتەری سەرەکی گۆڕانکارییە هەرە گەورە سیاسیەکانی ناو دەوڵەت بون، وەک چۆن دەبینین دوای ئەوەی (کەمبوجیەی دوەم 530-522پ.ز) دەیەوێت هێرش بکاتە سەر میسر خوشکەکەی (رکسانا) لەگەڵ خۆی دەبات و هاوسەرگیری لەگەڵدەکات، لەبەرامبەردا(ئاتوسا)ی خوشکی نیگەران و ناڕەزایەتی دەردەبڕێت بەرامبەر پشتگوێخستنی و هاوەڵیکردنی

ڕکسانا وەک شاژن لەگەڵ کەمبوجیە، بۆیە یارمەتی براکەی (بوردیا) دەدات و هانیدەدات بۆ شۆڕش و کودەتا بەسەر کەمبوجیە لێرەوە ڕوداوی گەیشتنی بوردیا بەدەسەڵات و بەیارمەتی ئاتوسا دێتە پێش، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کەسەی (رکسانا)یارمەتی دابو تا بە تەختی پاشای بگات بوردیای کوڕی کورش نەبو بەڵکو پیاوێکی ئایینی زەردەشتی بو لە ناوکۆشکی ئاتوسا دەژیا، ناوی تەواوی (سمردیس) بو بە پلانی (رکسانا) بەدەسەڵات دەگات و بۆ ماوەی (7) مانگ فەرمانڕەوایی دەکات، واتا ئەمە تەنها فێڵێکی سیاسی (رکسانا) پاشانیش هەر بە پلانی ئاتوسا (بوردیایی درۆین) دەکوژرێت، ئەمەش ئەوەمان دەردەخەری ئەو ڕاستیەیە کە ژن چ ڕۆڵێکی دیاری هەبوە لە گۆڕانکای لە دەسەڵاتدا، لە دواتردا و دوای کوشتنی بوردیا ئاتوسا ڕۆڵێکی گرنگی گێراوە لە بەپاشابونی داریوش و دوای گەیشتنی بەدەسەڵات ئاتوسا لەگەڵ داریوش هاوسەرگیری سیاسی ئەنجامداوە و گەیشتوە بە پلەی شاژن، بێگومان وەک ئەوەی ویستی دەبێت بە یەکێک لە کەسایەتییە ڕێزلێگیراو حیساب بۆکراوەکانی ناو کۆشکی پاشایەتی هەخامەنشی ڕۆڵێکی گرنگی لە بڕیارە سیاسیەکانی ناو کۆشک دەبێت (حجازی، 1358: 123-124).

جگە لەوەش لە ناو کۆشکی پاشایەتی جگە لە ژنانی خانەدان و نەجیب زادەی پارسایی چەندین وێنەی ژنانی بێگانەمان بەرچاودەکەوێت کە وەک شاژن هاتونەتە کۆشکی پاشایەتی، لەوانەش خێزانی کەمبوجیە کاتێک میسری داگیر کرد هاوسەرگیری لەگەڵ کچی پاشای میسر (اماسیس 570-526پ.ز) کرد(Herodotus, Vol.IV: 1). هەروەها (خشایارشا 486-465پ.ز) هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی یەهودی کرد بەناوی (استر) کە (بابلیەکان)[8] لەسەردەمی پاشا (نبوخذ نصر 605-562 پ.ز) لە کاتی هێرشەکانی (587پ.ز) بۆسەر وڵاتی ئیسرائیل و یەهودا لە ئۆرشلیمەوە هێنابویان بۆ بابل و دواتر لە بابلەوە هاتبوە شاری شوش کە لەو سەردەمە بە یەکێک لە پایەتختەکانی دەوڵەتی هەخامەنشی دادەنرا و لەوێ نیشتەجێبوە، هەرچەندە ژنانی بێگانەی پاشا ڕۆڵێکی وەهایان نەبوە لە سەر پاشاو بڕیارە سیاسییەکان بەڵام سەرچاوەکان ئاماژە بە ڕۆڵ و کاریگەری شاژنە استر دەکەن لەسەر بڕیارە سیاسیەکانی خشایارشا کە چۆن هەوڵێکی وەزیرەکەی خشایارشای بەناوی (هامان) پوچەڵ کردۆتەوە دژی جولەکەکان و کۆمەڵێک بڕیاری لە بەرژەوەندی پەیڕەوکەرانی ئایینەکەی پێداوە بۆ ئەم مەبەستەش سودی لە شۆخ و شەنگیەکەی بینیوە (علوی، 1377: 35-36) سەرەڕای ئەوەش ئەم شاژنە یەهودییە هانی خەشایارشای داو فرمانێکی پێدەرکرد کە دوژمنانی یەهودی لە سەرانسەری وڵات و وەزیری جەنگیش کە (هامان) بو بکوژێت(لوی، 1334: 275-278) ئەمە لەکاتێکدابو کە پێشتر خەشایارشا خۆی فەرمانی کۆمەڵکوژی یەهودییەکانی بە هامانی وەزیر سپارد بو، بەڵام ڕۆڵ و کاریگەری شاژنە یەهودییەکە وایکرد کە وا لە پاشا بکات سەرپێچی فرمانەکانی پێشوتری خۆی بکات (صبوری فر، 1382: 112-115) لەڕاستیدا شاژنە (استر)ی یەهودی ئیلهام بەخشی خەشایارشابوە لە بڕیارە سیاسیەکانی بەتایبەت لە بارەی یەهودیەکانە (پارسای و اهی و طلقانی، 1346: 110).

هۆکاری ڕۆڵنەدان بە ژنە بێگانەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە گوایە ئەمانە لەخانەدانەکانی پارسا نەبون بەراورد بەپلەی ژنانی خانەدانی کۆشک لەخوارتر بون بەپێی قسەی هێرۆدۆت بێت ڕێگە بە منداڵی ژنانی ناشەرعی دەرەوەی خێزانی پارسی و (حەرامزادە)کان نەدەدرا ببێتە پاشا (Herodotus, Vol-III: 2)، دەبێت ئەوەشمان بیر نەچێت بەشێک لەو ژنانە هاوشێوەی (استر)خاوەن پێگەیەکی بەهێز بون ڕۆڵێکی دیاریان هەبوە لە کۆشکدا و توانیویانە هۆکارێک بن بۆ ئەوەی کوڕەکانیان ڕکابەری بەدەستهێنانی تەختی پاشایەتی بکەن دژی جێنشینی وڵات لەدوای مردنی پاشا جەنگاون لە پێناو بەرژەوەندییەکانیان، وەک ئەوەی (سوگدیانوس) کوڕی ژنێکی بابلی بو بەناوی (الوگون) دوای مردنی ئەردەشێر(ارتحششتا)ی چوارەم (338–336 پ.ز) باوکی ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی وەرگرت و بو بەپاشا، هاوکاری و بەهێزی دایکی (الوگون) هۆکاری گەیشتنی کوڕەکەی بو بەکورسی پاشایی، بەڵام چونکە کوڕی ژنێکی ناشەرعی بو ماوەیەکی زۆر لە دەسەڵات نەمایەوە و کوشتیان(داریوشی سێیەم 380–330 پ،ز) شوێنی گرتەوە (بروسیوس، 1381: 25–26).

بەگشتی شاژن ڕۆڵێکی دیاری هەبوە لە ناو کۆشکی پاشایەتیدا و ڕێزی زۆری لێگیراوە ئەم حیساب بۆکردنەش لەبەر دو هۆکار بوە ***یەکەم:*** لەبەرئەوەی بەگشتی شاژن ئەندامێکی بنەماڵەی خانەدانەکان(اشراف) بوە (هەرچەندە حاڵەت هەیە شاژن سەر بە خانەدانانی پارسی نەبوە) ***دوەم:*** لەبەرئەوەی دایکی جێنشینی وڵات بوە و هەندێ جاریش ئەمانە جگە لەوەی شاژن بون بەڵام کەسێکی نزیکی پاشا بون وەک خوشک و دایک و کچی پاشا بۆیە ڕۆڵێکی دیاریان هەبوە لە بەڕێوەبردنی وڵات و توانیویان کاریگەری گەورەیان هەبێت بەسەر ئەو فەرمانانەی پاشا دەریدەکردن (بروسیوس، 1381: 26). وەک چۆن دەبینین کەمبوجیەی دووەم کوڕی کۆرش لەگەڵ (رکسانا)ی خوشکی هاوسەرگیری (شهبازی، 1380: 21)، هەروەها ئەردەشێری دوەم دو لە خێزانەکانی کچی خۆیبون بەناوەکانی (ئاتوسا و ئەمستریس). (j.k.choksy, 2002: 77) ئەمانە هەم خوشک هەم کچ و هەمیش شاژنی کۆشک بون.

یەکێک لەو کوڕانەی (ئاتوسا550–475پ.ز)ی هاوسەری داریوشی گەورە بە کاریگەری دایکی بو بەپاشا خشایارشا بو بەبیانوی ئەوەی لە خوێنی کورشی مەزنە ئاتوسا ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕاوە لە وەرگرتنی کورسی پاشایەتی بۆ خشایارشا دوای مردنی باوکی، جگە لەوەی ئاتوسا یەکێک بوە لەو ژنانەی لە پشت هەمو بڕیارە سیاسیەکانی داریوشی هاوسەرەکەیەوە بوە و دوای مردنیشی توانیویەتی سەرانسەری وڵات بەڕێوەببات، یەکێک لە شانازییەکانی خشایارشا ئەوەبو کە کوڕی ئاتوسای شاژن بو، نەوەک تەنها لەبەرئەوەی خشایارشا دایکی لە خوێنی پاشایانە بەڵکو لەبەر ئەوەبو کەدەزانرا ئاتوسا چەند ژنێکی بەهێزو بەدەسەڵاتی ناو خانەدانانی پارسی بوە، ژنان بەبەردەوام هەوڵیان ئەدا هەرشتێک لە دەستیان بهاتایە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و ڕۆڵگێڕانیان لە بڕیارە سیاسیەکانی پاشا درێخیان نەکردوە و بەبەردەوامی لە هەوڵی

ئەوەدا بون بتوانن کاریگەری لەسەر پاشا دروست بکەن، ڕۆڵیان هەبێت لەسەر دانانی جێنشین (حجازی،1358: 125)، خەشایارشا سیاسەتێکی توندی هەبو بەسەر گەلانی ژێردەستی دەوڵەتەکەی، لەهەمانکاتدا بەبەراورد لەگەڵ پاشایانی پێش خۆی بەخشندەییەکی نەبوە بەرامبەر ڕکابەرەکانی لەناو کۆشک، بێگومان لە بەشێک لە توندوتیژییە و فرمانەکانی پشت بەست بوە بە دایکی کە ژنێکی هەرە بەهێزی ناو کۆشک بوە (بریان، 1387: 852–858).

وێڕای ڕۆڵی سیاسی ژنان لەکۆشکی هەخامەنشیدا ڕۆڵێکی بەرچاویشیان هەبوە لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بەگشتی و ئەرکی پەروەردەکردنی شازادەی جێنشین لەسەر شاژنی دایک بوە، زۆربەی جێنشینەکان لەلایەن دایکیانەوە پەروەردە کراون بە جۆرێک هەوڵی ئەوەیانداوە کە جێگەی باوەڕی باوکی بێت، بەجۆرێک ڕایان دەهێنان کە ئازا و چاونەترس و دانا و هۆشمەندبێت بۆ ئەوەی لە داهاتودا بتوانێت وڵات بەڕێوەببات و یەکێک لەو ژنانە ئاتوسا بو کە هەمو ڕێگەیەکی گرتۆتە بەر لە بابەتی پەروەردەکردنی جێنشین خشایارشا، ئەمەش هۆگربونێکی زۆری لەلایەن جێنشینەکانەوە دروست دەکرد بۆ دایکیان وەک شاژن لە داهاتوشدا بەشداریان پێدەکرا لە بڕیارە سیاسییەکانی وڵاتدا(حجازي، 1358: 133)، سەرچاوە یۆنانیەکان هاوسەرانی پاشایانی هەخامەنشی بە ژنانی ستەمکار و لێوان لێو لە تۆڵە زۆردار ناودەبەن، جگە لەوەش باس لەوە دەکەن کە ژنانی هەخامەنشی توانیویانە ئەدای ئەو دەسەڵاتەی خۆیان بکەن کە هەیانبوە یاخود پێاندراوە، بەڵام ئەوە جێگەی سەرنجە بێ دەسەڵاتی پاشا بوە لەبەرامبەر ئەو کارانەی ژنان کردویانە لەزۆربەی سەردەمەکاندا تا ئەو ڕادەیەی پاشا گوێڕایەڵی فەرمانەکانی شاژن بوە، زۆربەی ئەو وێنە و ئاماژانەی لەبارەی ژنانی هەخامەنشی لەسەدەی (5–4پ.ز) باسکراون پاکێجێکن لە زاڵمی و ستەمکاری دژی ئەو کەسانەی لە دژیان وەستاونەوە، توێژەرە تازەکانیش هەمان تێڕوانینیان هەبوە دەربارەی ژنانی ئەو سەردەمە، هەرچەندە بەشێکی زۆری ئەو وێنانە لەلایەن نوسەرانی یۆنانی بوە کە بەتەواوی ناکرێت پشت بەبەشێک لەو وێنە و ئاماژانە ببەسترێت چونکە یۆنانیەکان دژی دەوڵەتی هەخامەنشی بون، بەڵام بیرمان نەچێت بەشداریکردنی ژنان و ڕۆڵیان لە دەسەڵاتی سیاسی بەڕونی بەرچاودەکەوێت(بروسیوس، 1381: 141)، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی سەرچاوە یۆنانیەکان دیدێکی خراپ و وێنایەکی ناشرینی ژنانی ناو کۆشکی دەوڵەتی هەخامەنشی بە ئێمە نیشان دەدەن وەک چۆن دەبینین هێرۆدۆت لە وەسفی (امیتیس)ی کچی خشایارشا دەڵێت ئافرەتێک بوە سەرجێی لەگەڵ کەس ڕەتنەکردۆتەوە ئەمە جگە لەوەی بۆ (پروشات)ی هاوسەری داریوشی دوەم و (ئارتیستون)ی کچی کورشیش هەمان تێڕوانینی خراپی هەبوە هیرۆدۆت ئەم بابەتە لە پەرتوکی حەوتەمیدا چەند جارێک دوبارەدەکاتەوە (Herodotus, Vol.vii: 2–69) لە هەمانکاتدا سەرچاوە (عیلامیەکان)[9] ژنێکی وەکو(ئارتیستون) بە خانمێکی هۆشمەند و بەهێز وەسف دەکەن ئاماژە بەوە دەکەن کە خاوەنی چەندین کۆشک بوە (Schmitt, 1987: 665).

یەکێکی تر لەو ژنانەی کە دەتوانین وەک نمونە بهێنریتەوە لە پەروەدەکردنی جێنشینی ولاّت (ماندانا) کە توانی کورشی کوڕی بەشێوازێک پەردوەردە بکات تا ئەوەی بتوانێت لە داهاتودا کەسێکی دانا و بەهێز بێت بۆ ئەو مەبەستەش یەکەمین قوتابخانەی لە پارسا دامەزراند، ئەمەش هۆکارێک بو بۆ ئەوەی کۆمەڵێ لە کوڕی هاوتەمەنی کورش لە مندالاّنی پارسی لەو قوتابخانە فێری وانەکانی ژیان و تیرهاوێژی و شمشێری بازی و ئەسپسواری دەکران، سەرەڕای ئەوەی چەندین وانەی تریان پێدەوترایەوە کە زۆربەی ئەو مندالاّنەی لە قوتابخانەکان خوێندنیان دەکرد لە مندالاّنی خانەدانەکان بون، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بەشداریکردنی ژنان لە بڕیارە سیاسی و کارگێریەکانی ولاّتدا زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەوڵێکی زۆریانداوە لە پەروەردە کردنی جێنشینی ولاّت بۆیە لە داهاتودا ڕێزی زۆریان لێدەگیرا لەلایەن کوڕەکانیانەوە کاتێک دەهاتنە سەر دەسەلاّت(حجازی، 1351: 134-136).

هەروەها ژنێکی وەکو ئاتوسای هاوسەری داریوش کاریگەری بەڕادەیەک بوە کە هانی هاوسەرەکەی دا بۆ هێرشکردنە سەر یۆنان لە کاتێکدا داریوش خۆی ئامادەکردبو بۆ هێرشکردنە سەر سکایەکان، بەلاّم لەژێر کاریگەری ئاتوسا ئاڕاستەی هێرشەکەی گۆڕی بەرەو ولاّتی یۆنان کە شاژن لەو هێرشەیدا مەبەستی گرتنی کۆمەڵێک دیلی یۆنانی بو بۆ ئەوەی بیانکات بە کۆیلە و خزمەتکاری خۆی(بروسیوس، 1381: 143-144).

لە ڕاستیدا لەسەردەمی داریوشی دوەم بەداوە دەوڵەتی هەخامەنشی بەرەو لاوازی و لەناوچون ڕۆیشت هۆکارەکەشی بۆ دەست وەردانی ژنان لە کاروباری سیاسی و کارگێڕی ولاّت دەگەڕێتەوە، (پروشات) یەکێک بو لەو ژنانەی جگە لەوەی دەستوەردانی دەکرد لە کاروباری ولاّتدا کەسێکی توندوتیژ و خوێنڕێژ و ستەم کار بو، لەدوای مردنی هاوسەرەکەی داریوشی دوەم ڕۆڵی سەرەکی گێرا لەدیاریکردنی کوڕەکەی بە پاشای دەوڵەتی هەخامەنشی ئەویش ئەردەشێری دوەم بو (404-358پ.ز)ئەم ژنە بە ڕادەیەک سامناک بوە بەشێک لە دەستوپێوەندەکانی کاتێ هەڵەیەکیان کردوە لە ترس و کینەی (پروشات) خۆکوژییان ئەنجامداوە تەنها لەبەرئەوەی نەکەونە بەر سزا توندەکانی ئەم شاژنە (حجازی،1358: 125-126)جگە لەوەش شاژن (پڕوشات) لەو ژنانە دەژمێردرێن کە بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ بەشداریکردوە لە کاروباری سیاسیدا، دوای ئەوەی خێزانی ئەردەشێری دوەم لەلایەن دایکیەوە(پروشات) بە شێوازێکی دڕندانە دەکوژرێت، دوبارە هاوسەرگیری لەگەڵ ئاتوسای کچی خۆی پێدەکات، (پروشات) کاریگەری ڕاستەوخۆ و بەشداری لە بڕیارە سیاسیەکانی ولاّت و ڕۆڵێکی گەورەی لە دەرکردنی بڕیارەکان هەبوە، بە دڵ و چەقی بڕیارەکانی دەوڵەتی هەخامەنشی دادەنرێت ناوبراوە بەجۆرێک هێندە کاریگەر بوە لە دوای نەخۆشکەوتن پاشا ئەردەشیری دوەم لە شاژنی لاینەداوە و لەبەردەم پەرستگای اناهیتا ئەژنۆی داداوە و نزای سەلامەتی بۆ کردوە و بەشداری خزمان و پیاو ماقولاّن و پیاوانی ئاینی لەسەرانسەری ولاّت کە نزایان کردوە

نیشانەی سەلماندنی پیرۆزی و گەورەیی ئەم شاژنە کە بە بەرۆشەوە نزای چاکبونەوەی بۆکراوەو قوربانی و دیاری گرانبەهای زۆریان پێشکەش بە پەرستگا کردوە (پارسای و دیگران، 1346: 210).

لە هەمان کاتدا (ئەردەشیری دوەم) زۆر لە ژێرکارگەری دایکی (پروشات) دابوەو هەمیشە ستایشی دایکی کردوەو پێیوابوە دایکی تەنها بو بەڕێوەبردنی وڵات خەڵق کراوە ڕەنگە ئەم بڕوایەشی لەوەوە بۆ دروستبوبێ کە دایکی کلیلی چارەسەری بەشێک لەو کێشانە بوە ڕوبەڕوی ئەردەشێر دەبونەوە وەک چۆن دەبینین لە دوای دانیشتنی ئەردەشیر لەسەر تەختی پاشای توشی شۆرش و هەڵگەڕانەوەی ناوخۆی براکەی (کۆرشی بچوک) بو، ئەم هەڵگەڕانەوەیە بوە هۆی مەترسیەکی گەورە بۆسەر دەسەڵاتی ئەردەشێر، بەڵام دایکی ئەم مەترسیەی لێدوردەخاتەوە نێوەندگیری لەنێوان کوڕەکانی دەکات و ئەردەشێر ڕازی دەکات تەواوی هەرێمەکانی ئاسیای بچوک بخاتە ژێردەستی براکەی کۆرشی بچوک، بەمجۆرە مەترسی ئەم شۆڕشە ناوخۆییە لەسەر ئەردەشێر بە یارمەتی (پروشات)ی دایکی لادەچێت کۆتای بەو ململانێە دێنێت لەناو کۆشکی هەخامەنشیدا سەریهەڵدابو (حجازی، 1358: 126).

لەمەوە کاریگەری و هێزی ژنانی هەخامەنشی لەکۆشکی پاشایەتیدا بۆ دەردەکەوێت بێ دەسەڵاتی و دەستەوستانی پاشاکان لەبەرامبەر بڕیار و داواکاریەکانی شاژن کە زۆرجار پاشا وەک بوکەڵەیەک بون بەدەست ژنانی ناو کۆشکەوە، بەگشتی ژنانی ناو کۆشکی هێندە کاریگەرییان لەسەر پاشایانی دەوڵەتی هەخامەنشی هەبوە تەنانەت دوای دەرچونی هەر فرمانێکی شاهانەیی توانای هەڵوەشانەوەی فرمانەکە یان پێداچونەوەی فرمانەکە هەبوە بەپێی خواست و بەرژەوەندییەکانی خۆیان(صفاران و خیوەگی، 1396: 27).

لەکۆتایی تەوەری یەکەمی توێژینەوەکەمان دەتوانین بڵێین ژنانی هەخامەنشی ڕۆڵێکی دیارو کاریگەری گەورەیان هەبوە لەسەر بڕیارە سیاسیەکانی ناو کۆشکی هەخامەنشی و یاریکەرێکی سەرەکی ناو کایەیی سیاسی ئەو ڕۆژگارەبون و لەپشت بەشێکی زۆر لە بڕیارە سیاسیەکانی پاشایانی هەخامەنشی بون. بەبەردەوامی ڕۆڵی ژنان لە پرسە سیاسیەکانی ناو کۆشکی هەخامەنشی دەبینرێ و ناتوانرێت ئەم ڕۆڵگێریە فەرامۆش بکەین، جگە لەوەی بەشداری پرسە سیاسیەکانیان کردوە زۆرجاریش توانیویانە گۆڕانکاری لە فرمانی پاشاکان بکەن و هەندێک کاتیش توانیویانە فرمانێک کە پیشتر لەلایەن پاشاوە دراوە هەڵبوشونەوە و لە بەژەوەندی خۆیان بەکاربیێنن.

**تەوەری دوەم: پیگەی ئابوری ژن لەناو دەوڵەتی هەخامەنشی**

هەخامەنشییەکان یەکێک لە دەوڵەتە ناودار و فراوانەکانی ئێرانی کۆنن، داریوشی یەکەم سێیەمین پاشای هەخامەنشیەکان بوە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی خۆی سیاسەتێکی زیرەکانەی بەکارهێناوە، ئەوەی پەیوەستی بەلایەنی ئابوری وڵاتەکەی و بەڕێوبردنی وڵات لە ڕێگەی وەرگرتنی باج لە هەرێمەکانی ژێر

دەستیەوە بەڕێوەیدەبرد، بەجۆرێک باجەکانی ڕێکخست بو بەراویژ لەگەڵ هەرێمەکان و خەڵکی ناو هەرێمەکان و توانای ئابوری ناوچەکە باجی دەست نیشان دەکرد، لەسەردەمی ناوبراودا هیچ هەرێمیک نەبوە فشارێکی ئابوری ئەوتۆی لێکرابێت شایەنی باسکردن بێت وەرگرتنی باج و دیاریکردنی ڕێژەی باج بەگوێرەی توانی بەرهەمی هەرێمەکان بو، ئەم پاشایە توانی دیوانی چاودێری وەرگرتنی باجەکان دابمەزرێنێت و دیاریکردنی باجەکان و زیادکردن و کەمکردنی باجی سەر هەرێمەکان بەپێی توانا و دەوڵەمەندی هەرێمەکان دیاریدەکرا (راوندی، 1354: 38)، هەروەها هەوڵیداوە مەرجی ئابوری ئاسان لە ویلایەتەکانی ژێر قەڵمڕەوی دەوڵەتەکەی پەیڕەو بکات تا ببێتە هۆی گەشەکردنی ئابوری وڵات و پێشکەوتنی بازرگانی گشتی (داندامایف، 1383: 145)، ئەم شێوازەی وەرگرتن و کۆکردنەوەی باج بەڕونی لە تابلۆکانی تەختی جەمشید(پەرسیپۆڵس)ی پایتەختی دەوڵەتی هەخامەنشیدا بەدی دەکرێت وەک ئەوەی لە هەندێک هەرێم ئاژەڵی جۆراو جۆر وەک باج هێنراون و دراونەتە دیوانی کارگێڕی کۆکردنەوەی باج لە هەندێک هەرێمی تر دانەوێڵەو هەندێجاریش بەرهەمی کانزای و قوماش و ماددەی جۆراوجۆریتر هێنراون، هەمو ئەمانە بەڕونی لە تابلۆکاندا پیشاندراون و باسیان لێوەکراوە(بریان، 1380: 66- 68).

سەبارەت بەڕۆڵی ژن لە چالاکیە ئابورییەکان، لەڕاستیدا سەرچاوە یۆنانییەکانی وەکو (ئەفلاتۆن و زەینەفۆن)زیاتر ئاماژەیان بەڕۆڵی ئابوری ژنانی کۆشکی هەخامەنشی کردوە، باسی سامانە بێشومارەکەی ژنانی ناو کۆشکیان کردوە ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکرێ ئەوەیە کە تێڕوانینیان سەبارەت بەڕۆڵی ژنان و بەشداریکردنیان لە چالاکیە ئابوریەکانی ناو دەوڵەتی هەخامەنشی تاڕادەیەکی زۆر ڕاستگۆیانە و لۆجیکی تربوە (بروسیوس 1381: 166) لەم دەوڵەدا ژن و پیاو شان بەشانی یەکتر کاریانکردوە زۆرجار کاروباری ژنان قورستر بوە لەهی پیاوان، هەروها ژنان زیاتر ئەو کارانەیان دەکرد کە هونەری دەستی بو وەک دورین و ڕستن و چنین و ڕازاندانەوەی قوماش، ئەم کارەشیان زۆر بە لێزانانە و هونەرمەندانە نەخشکردوەو توانیویانە لەسەر قوماش و جل و بەرگەکان دروست بکەن و بیانڕازێنەوە (کخ، 1379: 19)، سەرەڕای ئەوەش کۆمەڵێک بەڵگەنامەی مێژوی دیکە دەریدەخەن ژنان شان بەشانی پیاوان لەدروستکردنی کۆشک و خانوەکان کاریان کردوە، بەڵام سەبارەت بە ژنانی ناو کۆشک و خانەدانەکان توانیویانە لەڕێگەی پێکهێنانی گروپی گەورەی بازرگانی و کاروباری ئابوری خۆیان ڕیکبخەن و گەشە بەخۆیان بدەن و زەوی و زاری زۆر و فراوان بکڕن و بەکرێی بدەن(خادمی و حسنی، 1395: 19-20).

جگەلەوەی ژنانی ناو کۆشک و خانەدانەکان هەرچەندە لەبەر پێگەکەیان نەیاندەتوانی لە ناو خەڵکی ئاسایی دەربکەون، بەڵام لەجێگەی خۆیانەوەی لە شاژنەوە تاکو ژن و کچی خانەدانەکان بازرگانی فراوانیان کردوە و خاوەنی زەوی و زارێکی زۆر بون، موچەی تایبەتی ژنانی ناو کۆشک لەلایەن پاشاوە دابینکراوە و هێندە زۆر بوە توانیویانە قوماشی گرانبەها و کەلوپەلی پێویستی خۆیان و زەوی و زاری بازرگانی

پێبکرن، بەتایبەت ژنانی خێزانی پلەیەکی پاشا، ئەمەش لە تابلۆکانی تەختی جەمشید و نوسەرانی یۆنانیش باسیان لێوەکردوە، سەرەڕای ئەوەش بەڕونی و بە وردی باسیان لە سەروەت و سامانی ژنانی هەخامەنشی کردوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆرجار لەڕێگەی ئەو سامانە زۆر و زەوەندانەیان کە هەیانبوە، کاریگەریان لەسەر چارەنوسی دیاریکردنی شازادەی جێنشین و بڕیارە سیاسیەکان هەبوە، هەمو ئەو پیلانە سیاسی و جاسوسیکرن و دژایەتی کردنی یەکتری (ویسهوفر، 1392: 103).

سەبارەت کارکردنی ژنان لە دەوڵەتی هەخامەنشی یەکسان بون لە مافدا لەگەڵ پیاو و هەمان موچەیان لە کاتی کارکردندا پێدراوە کە بە پیاوانی هاوپیشەیان دەدرا زۆرجار کاری ژنان قورستر بوە لە هی پیاوان بەتایبەت لە کارەکانی (تاشینی بەرد و هەڵکۆڵینی وێنەی سەر بەرد و دیوارەکان) کە لە تەختی جمشید دەبینرێن کاری ژن بوە و هونەرمەندانە ئەنجامیان داون هەندی کاتیش پیاوان وەک شاگرد و ژێر دەستیان کردون لە کارەکانیاندا(علوی، 1377: 36)؛ (کخ، 1379: 19).

لەناو تابلۆ لەگڵ نوسراوەکانی تەختی جمشید ناوی چوار لەژنانی خێزانی پاشای دەوڵەتی هەخامەنشی بەرچاودەکەوێت کە بریتین لە (ئاتوسا-ئارتیستونە-رتەباما-ئاپاکیش) لەناوەڕۆکی ئەم تابلۆقورپینانەدا باسی خەرجیو داهاتی ئەو ژنانەمان بۆدەکات بەڕادەیەک داهاتو خەرجیەکانیان بەرزە جێگەی هەڵوێستەو لەسەر وەستانە (صفاران و خیوەگی، 1396 :27) لەو بەڵگە نامانە ئەوە بەرچاودەکەوێت چەندین گروپی کاری ژنان هەبوەو لە لایەن ژنان خۆیانەوە سەرپەرشتی کراون و هەر گروپەو شارەزا بوە لە بوارێکی تایبەت (دریایی، 1386: 53)، هەروەها لە پاشماوە جێماوەکانی تەختی جمشید(پرسیپۆلس)چەندین لە گڵنوسراو و بەردەنوسی گرنگمان بەرچاودەکەوێت کە ئاماژە بە چەندین گروپی کاری ژنان لەناو کۆشک و دەرەوەی کۆشک دەدەن. یەکێک لەو گروپانە کەلە بەڵگەنامەکان زۆر باسی لێکراوە ناوی گروپی (پشاب) بوە سەرۆکی گروپەکەش ژنێک بوە بەناوی (ارشاراپشابنا) وا وەسفکراون کە کارمەندانی ئەم گروپە لێزان و وریاو دەستڕەنگین بون لە هونەری هەڵکۆڵین و هاوسەردەمی داریوشی یەکەم بون(Brosius,1996: 181-182). هەر لە بەڵگە نامەکانی تەختی جمشید کۆمەڵێ بەڵگەنامەی تر بەناوی گروپی کارمەندانی (دایک)ژن بەرچاو دەکەوێت و ئاماژە بەوە دەکەن ئەو کارمەندە ژنانەی منالی کوڕیان بوە دو بەرامبەر زیاتر لە مافی خۆیان موچەیان پێدراوە(Hallock,1969: 37).

ژنان سەرپەرشتی ڕەهای موڵک و زەوی و کارگە بون خاوەن پێگەی ئابوری بەهێزبون، ئەوان بۆ کاری جۆراوجۆری بازرگانی خۆیان کارمەندی دیوانی تایبەتیان هەبوە، چەندین بڕیاری خەرجکردنی پارەو قەواڵەی دارایی پەیوەست بەژنان هەن ئەم بڕیارو قەواڵانە بە مۆری تایبەتی ژنان پەسندکراوە و شوێنەوارە جێماوەکان وەک مۆر و بەڵگەنامە ژمێریاریەکان و نوسراوەکان بەڕونی باس لە ڕۆڵی ئابوری ژنان لەو سەردەمەدا دەکەن، هەبونی مۆری کەسی (شخصی) یەکێکە لە بەڵگە بەهێزەکان کە ئاماژەن بۆ ئازادی

بازرگانی و ئابوری ژنانی ناو کۆشک لەناو دەوڵەتی هەخامەنشیدا فەرمانی دیوانی بەڕێوەبەری کاروبارەکانیان بە مۆر لێدان لە بەڵگەنامە نوسراوەکان بەهێز و پشتڕاستکراوەتەوە، زۆرجار شاژن ئەوەندی پاشا سەروەت و سامانی هەبوە(ارتیستونە)ی کچی کۆرش و خوشکی کەمبوجیە وەک نمونەی دەوڵەمەندی بە ئەندازەی پاشا ئاماژەی پێدەکرێت لە مۆری تایبەتی خۆی لە 38 نامەی تایبەت بە ئاڵوگۆری بازرگانی ناوبراو ئێستا بەردەستە و دۆزراونەتەوە(افخمی و دیگران، 1397: 530-533).





وێنەی ژمارە (1) وێنەی ژمارە(2)

نمونەی وێنەی مۆری کەسی (شخصی) ژنانی هەخامەنشی وەک ئاماژەمان پێدا ئەم وێنانە زیاتر بۆ مامەڵە ئابوری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەکاردەهاتن (ئەم مۆرانە لەلایەن شوێنەوار ناسانەوە لەناو تەختی جمشید دۆزراونەوە).

ئەو سامانەی کە شاژن و ژنانی تری ناو کۆشک هەیان بوە تەنها پاشەکەوتیان نەکردوەو لەلای خۆیان گلیان نەداوەتەوە بەڵکو لە چەند بەڵکەنامەیەکی تەختی جمشید دەردەکەوێ بازرگانیان پێوە کردوە ئاماژە بەفرمانی (ارتیستونە)ی خێزانی داریوش دەگرێ لە بەڵگەنامەی ژمارە 1835ی تەختی جەمشید دەستوری ناردنی (100) گۆزە شەڕاب دەدات بە (ئەنکاما)ناوێک، هەروەها بە بەڵگەنامەی ژمارە 1836 دەستوری ناردنی هەزار گۆزەیتر شەراب دەدات تا بنێردرێن بۆ شاری کۆکانکان (کە شارێکی دێرینی سەردەمی دەوڵەتی هەخامەنشی بوە لە دەوروبەری تاکستانی ئەمڕۆ)، ئەمە سەرەڕای دۆزینەوەی چەندین قەواڵەیتری بازرگانی ئەم شاژنە لە ناو تەختی جمشید(بروسیوس، 1381: 167-169).

جگەلەوەش بەڵگە نامەیەکی تر هەیە کە پەیوەستە بە ژنە بازرگانێکی خانەدانی ناو کۆشک بە ناوی (رتەبامە) دەردەکەوێت، ئەم ژنە مولکێکی ئێجگار زۆری لەناوچەی (عیلام) هەبوە، ناوبراو خەرجییەکانی بە فەرمانی خۆی و مۆری تایبەتی خۆی خەرجکردون و مۆری ئەم ژنە بە شێوازێک دروستکراوە کە وێنەی سوارچاکێکە و خەریکی ڕاوکردنی دو ئاژەڵە (کخ، 1353: 189). بەردەنوسە جێماوەکانی تەختی جەمشید


(PF27)؛ (PF 733037) ئاماژە بەوەدەکەن (رتەبامە)یەکەمین هاوسەری داریوش بوەو بەر لە گەیشتن بە تەختی پاشای هاوسەرگیری لەگەڵ کردوەو باس لەوە دەکرێ ژنێکی لێهاتو و زیرەک بوە لەبواری ژمێریاری و بەڕێوەبردن و خاوەن موڵکێکی فراوانبوە لە ناوچەکانی عیلام، هەروەها باس لەوەدەکرێت داریوش زۆرجار لەبواری ئابوری پشتی بە ڕتەبامای هاوسەری بەستوە (صفاران و خیوەگی، 1396: 28–29).

دەتوانین بڵێین ئەو وێنانەی لەسەر مۆری ژنە بازرگانەکانی ناو دەوڵەتی هەخامەنشی هەڵکەندراون ئاماژەن بۆ دو شت: یەکەم ڕۆڵ و پێگەی ژنانی هەخامەنشی نیشاندەدات کە لەئابوری وڵاتدا و کاریگەری زۆریان هەبوە لە سەرجەم کایەکانی ئابوری وڵات، ئاماژەن بۆئەوەی ژنان خاوەنی سەروەت و سامان و زەوی و زارێکی زۆر و گروپی بازرگانی و دیوانی کارگێری کەسی خۆیان بون، دوەم پێگەی ژنان دەردەخات کە خاوەن پلەیەکی باڵای کۆمەڵایەتی بون و دەسەڵاتداری دەست ڕۆیشتوی ژنان، وەک چۆن لە پاشماوە جێماوەکان هەندێ جۆرە مۆر دەبینین کە شاژن لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتوە و کەسانێک لە دەوروبەری دەردەکەون پێدەچێ وێنەی نۆکەران و کارگوزارانیان بن، لەشێوازی جلوبەرگ پۆشینیان دەردەکەوێت ژنی بەهێز و دەسەڵاتداری سەردەمەکەی خۆیان بون (کخ، 1386: 189)؛ (بروسیوس، 1381: 190–191)

بەڵگەنامە جێماوەکانی ژنانی هەخامەنشی کەلوپەلی جوانکاری و جلوبەرگی ژنانی ناو کۆشک، ملوانەکەی لە مرواری دروستکراو گوارەی ئاڵتونی، هەم لایەنی هونەری ئەو سەردەم و هەمیش بەهێزی ئابوری کۆشک و ژنانی کۆشکمان بۆ دەردەخات، جگە لە شێوازی دانیشتن و کەل و پەلی دەوروبەریان، بەجۆرێک خۆیان دەرخستوە کە لە جێگەی خواوەند ئەناهیتا وەک نوێنەری ئەو لەسەر زەوی دانیشتون (داود، 1389: 391)، ئەمە و سەرەڕای ئەوەی بەشێک لە وێنە هەڵکۆڵدراوەکان ئەوە پیشان دەدات کە شاژن لەسەر کورسی داریوشی یەکەم دانیشتوە، ئەمەش مانای بەهێزی ژنان دەردەخات لە ڕوی سیاسی و ئابوری پێگەیەکی بەرزیان هەبوە ئەم جۆرە وێنانەش لەسەر دیوارەکانی تەختی جمشید و مۆری تایبەت بە ژنانی ناوکۆشک بەڕونی دەبینرێت(ضیاء پور، 1354: 64).


پیشکش به تبرستان
www.tabarestan.info

(وێنەی ژمارە3)



وێنەی ژمارە(4)

نمونەیەک لە وێنەی گوارەی ئاڵتونی شێوە هەناری ژنانی کۆشکی هەخامەنشی کە لە تەختی جمشید دۆزراوەتەوە و ملوانکەی ئاڵتونی ژنانی هەخامەنشی لە هەمەدان لەلایەن شوێنەوارناسانەوە دۆزراوەنەوە.

ئەو سامانە تەنها لەڕێگەی ئازادی کارەوە لەلایەن ژنانی کۆشک بەدەست نەهاتوە،ماریا بروسیوس ئاماژە بەوەدەکات لەیەکیک لەپاشماوە نوسراوەکانی تەختی جەمشید ئاماژە بەفرمانێکی پاشایەتی لەداریوشەوە کراوە کە(100)سەر مەڕ دەبەخشێتە یەکێک لەهاوسەرەکانی بەناوی(ارتیستونە)(بروسیوس، 1381: 168).

لە ناو کۆشکی پاشایەتیدا پلە بەندی بۆ ژنان کراوە باڵاترین دەسەڵات لەلای دایکی پاشا بوە هێزی ناوبراو لە هەرەمی دەسەڵات بوە توانای سزا و پاداشتی ئەندامانی خێزانی لە دەستدابوە، کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر پاشا و بڕیارە ئابورییەکان و سامانێکی زۆری لەبەردەست بوە توانبیویەتی مامەڵەی پێوە بکات و بە ویستی خۆی بەکاریبهێنێت (افخمی و دیگران، 1397: 133)، بەشێکی زۆری سەرچاوە جێماوەکانی یۆنانییەکان، ئاماژە بەوە دەکەن کە سامانی ژنانی ناوکۆشک جێگەی سەرنج بوە، وەک ئەوەی **هیرۆدۆتی** یۆنانی ئاماژەی پێداوە لە میسر پێڵاوی و جلوبەرگی تایبەتیان بۆ هاوسەر و کچانی پاشایانی هەخامەنشی و ژنانی خانەدانانی ناو کۆشک دروستکردوە و چنیوە جگە لەوەی بروسیوس لە دەمی **(افلاتون و اناباسیس و زەینەفون)** باس لە زۆری سەروەت و سامانی امسیریا (امستریست) دایکی ئەردەشێری یەکەم پاشای هەخامەنشی دەکات، هەروەها لەبارەی ئەو موڵکانەی (پریساتیس) لە سوریا و خۆرئاوای فورات هەیبو سەری سوڕماوە باسی ئەو خەرجییە زۆر و بێ شومارانە دەکات کە سەربازانی بەکرێ گیراوی شاژن خەرجیانکردوەو بەو سامانە جەنگی بەرژەوەندیەکانی شاژنیان دەکرد :Herodotus, Vol.II

(98)؛(بروسیوس، 1381: 165)، سەرچاوەکان ئاماژە بەبڕێکی زۆر زەوی و زاری کشتوکاڵی دەکەن کەخێزانی خەشایارشا امسیریا دایکی ئەردەشێری یەکەم سەرپەرشتیکردون و سەدێکی ئاوی بۆ ئەوزەویانە دروست کردوە تا لە ڕێگەیەوە ئاودێری بۆ زەوییەکانی بکات (استولپر، 1398: 64)، دندامایف پێیوایە ئەم زەویانە دەکەوتنە شاری نەیپور لەدەوروبەری ڕوباری فوڕات(داندامایف، م.آ، 1992: 9–28) هەروەها هاوسەری داریوشی گەورە (ارتیستون) زەوی و زارێکی زۆر و بەربڵاوی لەژێر دەست بو سامانەکەی لە کۆشکدا جێگەی سەرنج بوە، ئەم خاوەنداریەتیە بۆ ئەو بابەتەی توێژینەوەکەمان گرنگی خۆی هەیە ئەویش ئەوە دەردەخات ژنانی هەخامەنشی دەیانتوانی خاوەن سەرمایە و موڵک و کارمەندبن لە ناو یاساکانی هەخامەنشی یاسای تایبەت بەرچاو ناکەوێت ڕێگە بە ئافرەت نەدات و ڕێگەی لێبگرێت چالاکی ئابوری بکات لەبەرئەوە دەکرێت بوترێت پێگەی ژن لە دەوڵەتی هەخامەنشیدا زیاتر و بەهێزتر بوە لەبەرامبەر ژنانی شارستانیەتەکانی تری وەک یۆنانی و ڕۆمانی (stolper, 1985: 62).

دیارە ئەم جۆرەی لەسەرنجدانی مێژونوسان و توێژەرانی یۆنانی سەبارەت بەو چالاکیە ئابورییەی ژنانی ناو دەوڵەتی هەخامەنشی ئەنجامیانداوە، پێدەچێت لەبەرئەوە بوبێت لەیۆنان موڵکداری و سامانداری ژن شتێکی محاڵ بوە، ئەرستۆ دوای ئەوەی بەشێک لەژنانی(اسپارتا)کە یەکێک بو لە دەوڵەتە شارەکانی یۆنانی کۆن بونە خاوەن موڵک بەڕوداوێکی مەترسیدار لێکیداوەتەوە، پێی وابوە بونی سامانێکی زۆر لەلای ژنان دەبێتە هۆی دروستبونی کێشەی سیاسی و دوبەرەکی بەهۆی ئەوەی دەتوانرێت بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەسە نزیکەکانیان ئەو سەروەت و سامانە بەکاربهێنن. دۆخی ئابوری هەر ژنێک پێگەی کۆمەڵایەتی لە ناوکۆشکدا نیشاندەدا و تا سامانی زیاتر بوایە پێگەی بەهێزتر دەبو لە ناوکۆشکدا وەک ئەوەی لە نوسراوەکانی تەختی جمشیدا زانیاری گرنگ و بەهێزی تێدایە دەربارەی ئابوری ژنان لەو دەوڵەتەدا، جگە لەوەش یەکەمین بەڵگە بەخەتی مسماری نوسراوە تابلۆیەکی بابلی باسی لە (پریساتیس) دەکات وەک ژنێکی خاوەن موڵک و زەوی، کە زەویەکانی بەجۆرێک بوە جگەلەوەش ئەم ژنە تەنانەت خاوەنی شارو ئاوەدانی و گوندی تایبەت بەخۆی بوە خەڵکی شاری (هگماتانە)ی ماددەکان و گوندنشینان و پیشەوەران ڕاستەوخۆ لە ژێرفرمانی ئەم شاژنە دابون، زۆر ئاماژە بە موڵکداری ژنان لە دەوڵەتدا کراوە، ئەمەو جگەلە بونی چەندین تابلۆی قوڕینی سەردەمی بابلی نوێ (بروسیوس، 1381: 165–167).

بەگشتی بەڵگەنامە و لەبەردنوسراوەکانی تەختی جمشید باس لەو خەرجیە بێشومارەش دەکەن کەهەر شاژنێک پێویستی بەداهاتی چەند ویلایەتێکی سەر بەدەوڵەتی هەخامەنشی بوە، لەگەڵ ئەوەش تەنها بۆ خەرجیەکان پشتیان بەداهاتی دەوڵەت و گەنجینەی پاشا نەبەستوە بەڵکو خۆیان خاوەنکاری خۆیان بون و داهاتیان هێندە زۆر بوە جگە لەوەی خەرجیەکانی خۆیانیان دابین کردوە، توانیویانە موچەی تەواوی کەسانە بدەن کەوەک خزمەتکار لەدەورەیان بون(هرتسفلد، 1381: 55)؛(صفاران و خیوەگی، 1396: 29).

ئەوەی جێگەی سەرنج و گرنگی پێدانە ڕۆڵی ژنانی خەنەدانەکانە لە ناو کۆشک و شاژنەکانی دەوڵەتی هەخامەنشی لەلایەن نوسەران و مێژونوسانەوە، لە بارەی ژنانی ناو کۆشک ڕوبەڕوی زانیاری سەرنج ڕاکێش دەبینەوە بەپشت بەستن بە هەڵکۆڵراوە شوێنەواریەکان باس لەوە دەکرێت کە سەرمایەی یەکێک لەو ژنانە بازرگانەکانی ناو کۆشکی دەوڵەتی هەخامەنشی دەکرێت بە ناوی کە هاوسەردەم بوە لەگەڵ داریوش دوەمین پاشای هەخامەنشی ناوبراو دەوڵەمەندترین ژنی سەردەمەکەی خۆی بوە هەتا داهات و سامانەکەی زیاتر لە ژنانی داریوش، زۆربەی ژنانی خانەدان و شاژنەکان سەربەم کەسایەتیە بون، هەرچەند زانیاری ئەوتۆ بەردەست نییە لەسەر ئەم ژنە، بەڵام زانراوە خاوەنی سێ ساتراب(هەرێم)ی ژێر دەسەڵاتی هەخامەنشی بوە لەژنان و پیاوانی کارمەندی ئەو هەرێمانە سودی بینیوە دەتوانرێت پێشبینی بکرێت یەکێک بوە لە خانەدانەکانی خێزانی هەخامەنشی (Brosius, 1996: 141-143).

لە بەڵگەنامە و شوێنەوارە دۆزراوەکان یەکێک لەوژنانەی زۆر ناوی دوبارە بۆتەوە(پرۆشات) بوە ژنی داریوشی دووەم، ئەم بەڵگەنامانە ئاماژە بەوەدەکەن ئەم شاژنە سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستنی کاروباری کۆشک و کارمەندانی کۆشکی بەتەواوی لەژێر دەست بوە کە پێکدەهاتن لە(خانەدان وخزمەتگوزار و دادوەران) بە پشت بەستن بە سەرچاوە یۆنانی و بابلیەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەم ژنە بەتەواوی داریوشی کۆنترۆڵ کردوە و خستویەتە ژێر فەرمانی خۆیەوە، جگە لەوەش باس لەوە دەکرێت کە شاژنێکی ستەمکار و بێ بەزەیی بوە بەتایبەت دوای مردنی کوڕەکەی (کۆرشی سێیەم) بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە تۆڵەی لەو کەسانە کردۆتەوە کە گومانی لێکردون هۆکاری مردنی کوڕەکەی بوبن، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەم ژنە و ژنانی ناو کۆشک دەسەڵاتێکی بەهێزیان هەبوە کە زیاتر پەیوەندی بەلایەنی ئابوریەوە هەبوە وەک لە پێشو تردا باسمان کرد کە پلەبەندی ژنانی ناو کۆشک بەشێکی بەند بو بەلایەنی ئابورییانەوە (بروسیوس، 1381: 8-9).

لە کۆتایدا دەتوانرێت بوترێت کە ژنان لە دەوڵەتی هەخامەنشیدا خاوەنی سەرەوەت و سامانێکی زۆر بون و توانیویانە سەروەت و سامانێکی زۆر کۆبکەنەوە ئەم کۆکردنەوەی سامانەش ئامانج داربوەو بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان بوە و لەڕێگەی سودوەرگرتن لە سەروەت و سامان و زەوی و زارانە پلەبەندی خۆیان دیاریدەکرد لەناو کۆشکدا و بەهۆی سەروەتەکەیانەوە ئەزمون(ممارسە)ی دەسەڵاتی خۆیان دەکرد و ڕەگی هێزی خۆیان باشتر دەچەقاند، لەهەمانکاتدا بەهۆی ئەو ئابورییە بەهێزەی هەیانبوە خەڵکانێکی زۆریان لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوە جگە لەوەی ئەو دەست و پێوەندانەی خۆیان بەکارهێناون بۆ پاراستنی سەرمایە زۆرو بەربڵاوەکەیان، لەلایەکیتریش بۆ زیادکرن و بەهێزکردنی ئابوری خۆیان بەکاریاندەهێنان و دژایەتی نەیارەکانیان پێدەکردن.

## ئەنجام

**لەکۆتاییدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێک گرینگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:**

١- بەشێکی زۆر لەو مافانەی بە ژنانی هەخامەنشی دراوە ڕەگێکی ئایینی هەبوە، ئایین بنچینەی ئەو دەستورەبو کە مافەکانی ژنانی تێدا جێگیر کرابو لەناو دەوڵەتی هەخامەنشی.

٢- لە مێژوی ئێرانی کۆندا گرنگیەکی تایبەت بە ژنان دراوە لە پاڵ پەروەردەی منداڵ کە کاری لەپێشینەیان بوە، خۆیان فێری سوارچاکی و تیرهاوێژی و هونەرەکانی تری جەنگ کردوە و لە کاتی مەترسیەکاندا شان بەشانی پیاوان لە مەیدانی جەنگدا شەڕیانکردوە.

٣- ڕۆڵی ژنان لە پرۆسەی سیاسی لە سەدەمی دەوڵەتی هەخامەنشی بە دواوە زۆر پەرەدەسێنێت ژنان لە پشت بەشێکی زۆر لە بڕیارە سیاسییەکان و فرمانی پاشانی دەوڵەتی هەخامەنشی بون.

٤- ژنانی هەخامەنشی ڕۆڵگێڕی سەرەکی بون لە دانانی پاشایانی هەخامەنشی یان لادانیان. هەربۆیەشە پاشایان تەواو گوێڕایەڵی ئەو ژنانە بون، بەڕادەیەک بەستنی پەیمانی ئاشتی یان گۆڕینی ئاڕاستەی سوپای هەخامەنشی زۆرجار بەخواستی شاژن یان ژنانی تری خاوەن سەرمایەو نەجیبزادەکان بوە.

٥- ژنانی هەخامەنشی خاوەنی ئابورییەکی زۆر بون و ئەمیش تەنها بەرێگەی موچەو ئەو دیاریانەوە نەبوە کە لەلایەن پاشا پێیاندراوە بەڵکو بەگشتی ژنانی هەخامەنشی خەریکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بون.

٦- دۆخی ئابوری هەرژنێک لەناو کۆشک پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنانی ناو کۆشکی دیاریدەکرد، بۆیە ژنانی ناو نەجیبزادەکانی پارسی بە هەر شێوەک توانێتیان درێغیان نەکردوە لە لە کۆکردنەوەی سەرمایەی زیاتر و بازرگانی و موڵکی فراوانتر.

٧- کاری هەرەوەزی و گروپکاری یەکێک لە دیاردە باوەکانی ناو ژنانی خاوەن کارو سەرمایەی دەوڵەتی هەخامەنشی بوە، چەندین گروپی جیاواز دەبینرێن کە هەندێکیان کاری بازرگانی و هەندێکی تر پیشەوەر، گروپی کارمەندانی ژنانیش زۆر بەربڵاو بوە و ڕاستەوخۆ ئەم گروپانە لەلایەن ژنانەوە بەڕێوەدەبران.

٨- بازرگانی ژنان یەکێک بوە لەپایەکانی ئابوری دەوڵەتی هەخامەنشی، بەو سەروەتەی هەیانبو ژنان چەندین زەوی گەورەی کشتوکاڵییان کڕیوەوە بە بەش(اجارە)داویانن بە جوتیاران دایچێنن لە بەرامبەردا بەشیک لە بەرهەمەکەی دەدرا بە جوتیاران بەشێکی زۆری دەگەڕایەوە بۆ ژنانی خاوەن زەویەکە.

٩- پلەبەندی لەناو ژنانی هەخامەنشی هەبو باڵاترین پلە (دایکی شا) بوە لەدوای ئەو شاژن و دواتریش خوشک و کچەکانی پاشا بوە، ئەم ژنانە هەریەکەو بەجۆرێک کاریگەری لەسەر پاشا هەبوە.

# Women's Political and Economic Role in The Empire of Achaemenid

**Shalaw Mustafa Abdalrahman[1] - Hassan Qadir Mahmood[2]**
[1+2]Departemant of Ancient History, College of Humanity science, University of Raparin, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Women played a significant role in the political and economic realms of the Achaemenid Empire. This role is due to the rights given to women by Zoroastrianism and later institutionalized into law within the empire's constitution. This allowed women to actively participate in political decision-making and engage in economic activities of their society. Within the royal palace, women wielded considerable power and influence, often serving as key figures in the ascension of kings to the throne. Therefore, when someone became king with the support of his mother or sister or queen, he could not disobey the queen or mother or sister during his reign. Moreover, women in the palace and among the Persian dynasties formed their own groups, safeguarding their economic interests and political positions. The groups have often been used to spy, kill and oppose those who have acted against the interests and orders of senior women Thus, any discussion of the political and economic field of the Achaemenid state would be incomplete without acknowledging the pivotal role and influence of women within these spheres.
Keywords: Women, King, Achaemenid, Role, Political, Economic

## لیستی سەرچاوەکان

ابولکلام، احمدزاده. (1380)، کورش کبیر ذولقرنین، ترجمه:ابراهیم باستانی پاریزی،علم، تهران.

ارفعی،عبدالحمید. (1387)، گل نوشته‌های باروی تخت جمشید، تهران، مرکز دایره المعارف بزرگ اسلامی

استولپر، ماتیو وافگانگ. (1398)، تاریخ ایلام، ترجمه:شهرام جلیلیان، توی،تهران.

افخمی، بهروز و زاده جدی، تقی زینی و حسینی نیا، سید مهدی. (1397)، جایگاه زن در دوره هخامنشی و اشوری بر اساس شواهد باستان شناسی مجله:زن درفرهنگ و هنر، صفحات 527-548دوره10، شماره4.

اوستا، یشتها، نقد و تفسیر:پورداود، ابراهیم. (1377)، جلد1+2، اساطیر:تهران.

اومستد، آلبرت تن آیک. (1381)، تاریخ شاهنشاهی:ترجمه:محمد مقدم،تهران علمی و فرهنگ.

بروسیوس، ماریا. (1381)، زنان هخامنشی، ترجمه:هایده مشایخ،چاپ اول، هرمس، تهران.

پارسای، فرخ رو و اهی، همان و طالقانی، ملکه. (1346)، زن در ایران باستان، سهامی افست.

پی یر، بریان. (1381)، امپراتوری هخامنشی،ترجمه:ناهید فروغان،تهران، قطره.

پیرنیا، حسن. (1389)، تاریخ ایران قبل از اسلام، انتشارات نیلوفرانه، قم.

حجازی، بنفشه. (1385)، برسب جایگاه زن در عهد باستان تا پایان دوره ساسانیان، قصیده سرا، تهران.

خادمی، علیاء و حسنی، میزامحمد. (1395)، فعالیتهای اقتصادی زنان در ایران عصر هخامنشی.مجله نشریه تاریخ نگارش:10.صفحات17-21 .

داندامایف، م.آ. (1373)، ایران در دوران نخستین پاشاهان هخامنشی،ترجمه:روحی ارباب،تهران علمی و فرهنگی.

داندامایف، محمد. (1992)، ایرانیان در بابل هخامنشی، ترجمه: محمود جعفری دهقی، ققفوس، تهران.

داود، ابولقاسم. (1389)، موقعیت اجتماعی فرهنگی زن در تمدن عیلام، مجله:زن در فرهنگ هنر، شماره4.

دریایی، تورج. (1386)، زن در دوره هخامنشی، مجله:باستان شناسی و تاریخ، ش:2.

دیاکونف م.م. (1380)، تاریخ ماد، ترجمه کریم کشاورز، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.

راوندی، مرتضی. (1368)، سیر قانون و دادگستری در ایران، تهران، نشر چشمه.

راوندی، مرتضی. (1354)، تاریخ اجتماعی ایران، تهران، نشر امیر کبیر.

سیبرت، الیسه. (1379)، زن در شرق باستان، ترجمه:رقیه بهزادی، پژوهنده:تهران.

شهبازی، شاپور. (1389)، زندگی و جهانداری کورش کبیر، چاپ دوم، ققنوس، تهران.

شهبازی، علیرزا شاپور. (1379)، افسانه(ازدواج با محاریم)در ایران باستان، مجله:باستان شناسی و تاریخ،سال پانزدهم شماره اول.

صبوری فر، فرهاد. (1384)، روابط ایران و یهودیان در دوره هخامنشی، انتشارات نیکتاب، تهران.

صفاران،الیاس و خیوەگی، سلماز. (1396)جایگاه زنان هخامنشی بر اساس گل نبشتەها و الواح علامی تخت جمشید، تهران: سومین همایشگاه ملی باستان شناسان ایران.

ضیاپور، جلیل. (1386)، پوشاک باستانی ایران از کهنترین تا پایان شاهانشاهی ساسانی، انتشارات وزارت فرهنگ و هنر.

علوی، هیدایت الله. (1377)، زن در ایران باستان، چاپ سوم، هیرمند،تهران.

فردوسی. (١٣١٣-١٣١٥) شهنامه، چاپ:بروختم:تهران.

کامرون، جورج. (1381)، ایران در سپیده دم تاریخ،ترجمه:حسن انوشر، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی.

کلنز، ژان. (1384)، مقالات درباره زردشت و دینی زردشتی، ترجمه:احمد رضا قائم مقامی، نشرو پژوهش فرزان روز، تهران.

کخ، هاید ماری. (1379)، از زبان داریوش، ترجمه:پرویز رجبی،تهران کارنگ.

لوی، حبیب. (1332)، تاریخ یهود ایران، ج1، کتاب فروشی یهودا، تهران.

ملازاده،مهدی. (1397)، اناهیتا و ایشتار در ایران باستان، نباتی:تهران.

موسوی بجنوردی، کاظم. (1393)، تاریخ جامع ایران، جلد1، تهران، انشارات مرکز دایره المعارف اسلامی.

هرسفلد، ارنست. (1381)، ایران در شرق باستان،ترجمه:همایون صنعتی زاده،چاپ اول،تهران:پژوهشگاه علوم انسانی و فرهنگی.

وحیدی،حسین. (1394)، اشنایی با دین زردشت، افرینه:تهران.

ویسهوفر،یوزف. (1392)، ایران باستان،ترجمه:مرتضی ثافب فر،تهران ققنوس.

Herodotus.(2013) , The Histories , tr: George Rawlinson , Moscow.

J.K Chosky.(2002) ,Evil Good and Gender ,Facets of the Feminine in Zagroosrian Religious History –New York:Peter Lang.

M.Brosius.(1996) , Women in Ancient Persia(559-331 BC) Oxford: Oxford University press.

O.Bucci .(1978) “II Matrimonio fra consangunei” Apollinaris , vol51.

R.Schmitt Artystone, (1987), *Envycclodeddia Iranica ,ed.e. Yarshater, Vol.II.*

R.Schmitt, (1989) , "Atoosa" Encyclapedia Iranian ,ed.E.Yarshater ,Vol:3.

Richard. T Hallock .(1969) , Persepolis for tification Tablets ,chicago:the orienatb Institute.

Stol , Marten(2012) ,Women in the Ancient Near East,T:Helen Mervyan Richard son ,Pirented on acid,free paper,Germany.

Stolper-Med(1985) ,Enterpernuers and Empier:The Murasu Archive Murasu firm ,and Persion Ruler in babylonia Leidn.

ساكز، هاري. (1979)، عظمة بابل، ترجمة: عامر سليمان، مدير مركز البحوث الاثارية و الحضارية جامعة الموصل.

صالح، عبدالعزيز. (2012)، الشرق الادنى القديم، ج1، المصرية: مكتبة الانجلو المصرية.

بيگلر، هرمز. (2019)، چيانشينانی زاگرۆس، و: حەمەی حەمەسەعيد، چاپی سێيەم، چاپچانەی جنگل-تاران.

باقر، تەها. (2018)، سەرەتايەک بۆمێژووی شارستانيە دێرينەکان (شارستانيەتی دۆڵی نيل و چەند شارستانييەتێکی کۆن فارس-گريک-ڕۆمان)، و: عسمان عزيز و کەمال نوری، سلێمانی: جمال عيرفان.

شاکر، محمود. (2000)، پوختەی مێژوی شارەستانيەتەکان، و:موسی محمد و نيهاد جلال، ب1، سلێمانی: چاپخانەی گەنج.

## پەراوێزەکان

1 - ئايينی زەردەشتی: ئايينی زەردەشتی ئاينێكە لەسەر بنەمای بۆچونەكانی زەردەشت دامەزراوە، ئەم ئاينە جيهان وەک دوبەرەكيەكی بەردەوام دەبينێ لە نيوان هێزی چاكەو هێزی خراپەدا، خوداوەند (ئاهورامزدا)خوداوەندی چاكەو حيكمەتە و دانەرو دامەزرێنەری ئەم جيهانەيە، لە بەرامبەردا (ئەهريمەن) ڕوحی خراپەكاری ئەم جيهانەيە، بەپێی ئاينی زەردەشتی مرۆڤ بونەوەرێكی ئازادە و تاكە ئەركی سەرشانی بريتييە لە چاكەكاری و يارمەتيدانی دەوروبەری و سەرخستنی (ئاهوڕامزدا) بەسەر (ئەهريمەن)دا. ئەم ئاينە لە ئێرانی كۆندا سەريهەڵداوەو لە سەرەتای سەدەی شەشەمی پيش زاين بۆتە ئاينێكی فەرمی و تا هاتنی ئاينی ئيسلام ئاينێكی بەربڵاوی ناوچەكە بوە. بۆئاشنايەتی زياتر لەسەر ئاينی زەدەشتی بڕوانە: (وحيدی، 1394 :12-21)

2 - ئاڤێستا: ناوی كتێبی ئاينی زەردەشتييە، توێژەران و پسپۆڕانی ئەم بوارە تا ئيستا لە سەر مانای ناوی ئاڤێستا ڕێكنەكەوتون هۆكاری ئەم ڕێكنەكەوتنەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە ئاڤێستادا باس لە مانای ئاڤێستا نەكراوە، هەروەها لە سەر بنچينە و ئەسڵی وشەی (ئاڤێستا)لەناو توێژەران بۆچونی جياواز هەيە لە داتاشراوەی كێوی بێستون كاتێک داريوش دەڵی (من بە گوێرەی دەستوری ئابەشتام حوكمڕانيم كردوە) توێژەران بەشێكيان دەڵێن مەبەست لە (ئابەشتام) هەمان ئاڤێستايە هەروەها پرۆفيسۆر (گلدنر)ی ئاڤێستا ناس دەڵێ ئەسڵی ناوی ئاڤێستا لە (اندرياس) وەرگيراوە كە بە مانای بنچينە و بنەڕەت دێت هەندێک لە توێژەرانيش پێيانوايە بە مانای هۆشياری و مژدەدەر دێت بۆ پەيرەوانی ئەو ئايينە. بۆ زانياری زياتر بڕوانە: (كلنز، 1386: 45-71)

3 - ئاناهیتا: ژنە خوداوەندێکی ئێرانی کۆن بوە ئەم خوداوەندە لە ئاڤێستادا باسی لێوە کراوەو ستایش کراوە، وەها پێناسە کراوە ئاناهیتا ڕێنمونیکەر و پارێزەری تەواوی ئاوی پاکی ڕوبارو کانیاوەکانی جیهانە هەروەها وەها وەسفکراوە کە خاوەن جوانیەکی باڵاو هۆشمەند و نیشانەیەک بوە بۆ پاکی و ئاوەدانی و ژیان و جوانی، بەرپرسی یەکەمی یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی ژیانە کە (ئاو)ە ئەم ژنە خوداوەندە پەرستگای تایبەت بەخۆی لە سەردەمی دەوڵەتی هەخامنشی بۆ دروستکراوە لەدیدی شوێنکەوتوانی ناوبراو جگە لە ئاوی پاک ڕزق و ماڵ و سامانیش لە دەستی ئەوە. بۆزانیاری زیاتر لەسەر ئاناهیتا بڕوانە (ملازاده، 1397، 7-45)

4 -بۆ زانیاری زیاتر و تێگەیشتنی زیاتر لەسەر ئاڤێستا و شیکردنەوی (یەشت)ەکانی ئاڤێستا و تێڕوانینی و وەسفەکانی ئاهورامەزدا و زەردەشت بۆ ژنە خوداوەند ئاناهیتا بڕوانە: ژان کلنز(1385)، مقالات درباره زردشت و دین زردشتی، ترجمه احمد رضا قائم مقامی، تهران: فرزان روز تایبەت مقاله3 (زردشت و اوستای قدیم 45-119).

5 - ئیسخیلیۆس Aeschylus 525-456پ.ز: نوسەرێکی شانۆیی دراژیدی یۆنانییە خاوەنی 70 شانۆنامەیەو تەنها چەند شانۆنامەیەکی کەمی ماوەتەوە، شانۆنامەکانی بابەتی جیاجیای لەخۆگرتبو، فارسەکان یەکێک لە بابەتەکانی شانۆکانی بون.شانۆ نامەی ئەسخیلۆسی یۆنانی لە دوای هێرشەکانی خەشایارشا بۆسەر یۆنان بەقەڵەمی ئەسخیلۆس نوسراوە، شانۆکە لەبارەی ژنانی هەخامەنشیەوەیە لە ڕاستیدا ئەم شانۆنامەیە تەنها دیدی پیاوانی یۆنانیە بۆ ژنانی هەخامەنشی لەگەڵ ئەوەی نوسەۆ ئێرانی نەبینیوە بەڵکو وڵاتەکانیان هەزاران فرسەخ لیکدورن بۆیە ناتوانرێ وەک سەرچاوەیەکی ڕەسەن بۆ ناسینی ژنانی هەخامەنشی سود لەم شانۆنامەیە ببینین (دریایی،1386، 53).

6 - ماد: ئەم دەوڵەتە لە دەوروبەری ساڵانی 700پ.ز لەسەردەستی دیاکۆ پاشا دامەزراوەو درێژەی هەبوە تا ساڵی 559پ.ز و هاتنی هەخامەنشیەکان، پایەتەختی سیاسی و کارگێری مادەکان هگماتانە(هەمەدان)ی ئەمڕۆ بوە، دوای تێکشکانی ئاشورییەکان لە 612پ.ز نەک تەنها خۆیان بەڵکو تەواوی گەل و شانشینە بچوکەکان و نەتەوە و خەڵکە زەحمەتکێشەکانی ناوچەکانی (ئەفغانستان و ئێران و توریاو عێراق)ی ئەمڕۆی لەدەست ئاشوریی و باج وسەرانەو کۆتو بێگاری ئەودەوڵەتە سەربازیە توندڕەوە ڕزگارکرد، مادد ناوی هۆزێکی ئاری یە لە هەزارەی یەکەمی پێش زاین کۆچیان کردوە بو بانەکانی ئێران و بناغەی یەکەمین پاشایەتی ئارياییەکانیان لە ناوچەکە دامەزراندوە دوای شکست پێهێنانی ئاشورییەکان بون بە گەورەترین دەوڵەتی پاشایی خۆرئاوای ئاسیا و لە سەردەمی (هڤەخشتر) حوکمڕانی گەورەترین پاشایەتی خۆرئاوای ئاسیایی کردوە (دیاکونوف،1380: 1-70).

7 - سکاییەکان: ساکایەکان لە مێژوی کۆندا بە سێ پارچەی جوگرافی جیاوازیشدا پۆلێنبەندی دەکرێن؛ یەکەم ناوی ساکا لە بەرد نوسەکانی ئەخمینی وەکو (Saka)ناویان هاتوە، لەبەڵگە ئاشوری و بابلییەکاندا بە (ئەشگوزانی) ناسراون و تەوارتیش وەکو (ئەشکوز یان ئەشکناز) ناویان دەبات و یۆنانیەکانیش وەکو (Skutho) ناویان دەبەن و ئەوروپییەکانیش لە دەقە مێژوییەکاندا پێیان دەڵێن (Scythe) کە مەبەست ئەو ساکایانەی دانیشتوی ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەر (کاسپین یان مازەندەران)ە؛ ساکاکان بە سێ بەش دابەشدەبون: یەکەم ساکاییەکانی ئاسیای ناوەڕاست کە لە ناوچەکانی سەیحون، جەیحون و ڕۆژهەڵاتی دەریای ئاراڵ نیشتەجێ بون ساکاییەکانی ڕۆژئاوا کە لە بەڵگە یۆنانییەکان بەتایبەتی هێرۆدۆت باسیان لێوەکراوە دانیشتوی باکوری دەریای ڕەش بون و ساکاییەکانی ئاسیای ڕۆژئاوا کە بەدوای شەڕ لەگەڵ (کیمیری)ییەکان لەم ناوچەیە واتە باشوری ئانادۆڵ و تەنانەت باشوری چیاکانی قەفقاز نیشتەجێ بون بۆ ماوەی حەفتا ساڵ بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر ئێران، ئاسیای بچوک و دو ڕوبار و هتد. (دیاکونوف،1380: 97-95)؛ (موسوی بجنوردی، 1393: 327-339).

8 - بابلیەکان: لەدوای ڕوخانی بنەماڵەی ئوری سێیەم و دروستبونی شێواوی لە بارودۆخی ناوخۆی وڵات لە شاری(بابل) کە سایەتیەک دەردەکەوێت بە ناوی(سومو-ئابوم) توانی بنەماڵەی بابلی کۆن لە نزیکەی 2004 پ.ز دابمەزرێنێت(ساکز،1979:

78- 98)، کە ماوەکەی نزیکەی چوار سەدەی خەیاندوە چەندین تایبەتمەندی سیاسی و ئاینی و ئابوری و کۆمەڵایەت و شارستانیەوە هەبوە، بەهۆی زۆری ئەو ماوەی کە بابلیەکان تێیدا فەرمانڕەوایان کردوە لەبەر جیاوازی باری سیاسی گشتی دەکرێت بە سێ سەردەمی جیاوازەوە، (شاکر: 2000: 91)؛ (صالح، 2012: 691-692).

9 – عیلامیەکان: یەکێک بو لە دەوڵەتە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆن لە بەری باشوری چیانی زاگرۆسە لە ناوچەکانی (خوزستان لوڕستان و پشتکۆ و جیاکانی بەختیاری) پێکهاتبو سنوری ئەم دەوڵەتە لە خۆرئاوا ڕوباری دیجلە و لە خۆرهەڵاتیش تاڕۆژهەڵاتی هەرێمی پارسی خستبوە ژێر کۆنترۆلی خۆی لە باکورش تاهەمەدان و لە باشوریش تا شاری (بەشەهر)لە خەلیجی فارسی لە ژێردەستدا بوە شوش پایتەختی عیلام و گرنگترین شاری سەردەمی عیلام بوە سەبارەت بە ناوی عیلام بە مانای شاخاوی دێت و نوسینی عیلامی یەکێک لە بەناوبانگترین نوسینەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆنە و کە شێوازی نوسینەکەیان لە سۆمەریەکان وەرگرتوە و سەبارت بە ئاینی عیلامیەکان پێیان وابوە جیهان پڕلە ڕوحی پیرۆزە کە شایەنی پەرستن و (شوشیناک)خوداوەندی گەورەی عیلامیەکان بوە سەبارەت بە مێژوی دەسەڵاتداری عیلام مێژونوسان مێژوی فەرمانڕەوای عیلامیان بە سێ قۆناغدا دابەش کردوە *یەکەم*:سەردەمی دێرینی عیلام کە هاوسەردەمە لەگەڵ سۆمەرو ئەکەد لە دەوروبەریساڵی(2225پ.ز) دەست پێدەکات *دوەم* عیلامی هاوسەردەمی بابل 2225-745پ.ز) *سێیەم* قۆناغی کۆتای عیلامە کە هاوسەردەمە لەگەڵ دەوڵەتی ئاشور لە نێوان ساڵانی (745-645پ.ز). (پیرنیا، 1389، 28-32)؛ (بیگلر،2019، 72-73).